https://www.doi.org/10.31918/twejer.2033.6

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# ڕەنگدانەوەی مەقامەکانی سالیک لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی (مەلای جەزیری)دا

د. ڕێبوار محمد اسماعیل

بەشی زمانی کوردی-زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی پەروەردە

Rebwar.ismael@su.edu.krd

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە ڕێگایەکە بۆ خستنەڕووی ڕەهەندێکی پەیوەست بە بواری سۆفیگەرییەوە. ئەم ڕەهەندەش خۆی لە پایە و مەقامەکانی سالیکدا دەبینێتەوە.

لێرەدا جەخت لە خاسیەت و سروشتی سالیک کراوەتەوە، تایبەتمەندیی کەسایەتیی سالیک لە چوارچێوەی ئەو مەرج و پێوەرانە خراوەتەڕوو، کە لە جیهانی سۆفیگەری و سۆفیگەریی ئیسلامیدا ئاماژەیان پێکراوە. دوای ئەوەی چەند لایەنێکی گشتی و تیۆری لەسەر ناساندنی مەقام و جۆرەکانی و ناساندنی سالیک خراوەتەڕوو، ئینجا لە تەوەرەیەکی شیکاریدا ئاماژە بە سالیکییەتی مەلای جەزیری و ناوەرۆکی ئەو شیعرانەی کراوە، کە هەڵگری ئەم گوزارشتەن. چەندیەتی و چۆنیەتیی ڕەنگدانەوەی مەقامەکان لە دەقە شیعرەکانی مەلای جەزیری خراونەتەڕوو.

**وشە کلیلییەکان:** سۆفیگەری، مەقام، سالیک، ڕێگەی خوا، گوزارشتی سۆفیگەری و عەشقی حەقیقی.

## ڕەنگدانەوەی مەقامەکانی سالیک لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی (مەلای جەزیری)دا

### پێشەکی

ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە لەژێر ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی مەقامەکانی سالیک لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی مەلای جەزیریدا)یە، لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر سروشتی سالیک و کەسایەتیی سالیکی مەلای جەزیری و ئەو ڕێگەیەی سۆفیگەرەکان لە پێناو ئامانجە عیرفانی و سۆفیگەرییەکەیان دەیگرنەبەر.

سۆفیگەری لە فۆڕمێکی سادە و نائۆڕگانیدا مێژوویەکی کۆنی هەیە و پەیوەستە بە سەرەتاکانی هەبوونی مرۆڤەوە، کە لەگەڵ تێڕامان و پرسیار و بەدواگەڕانەکانی مرۆڤ و وێڵیی مرۆڤ بەدوای حەقیقەتدا سەری هەڵداوە، گەڕانەوەی هەموو بوون و نەبوون و دیاردەکان بۆ خاڵێک یان بۆ هێزێکی سەرووی مرۆڤ ڕێگەیەک بووە، کە بەهۆیەوە مرۆڤ توانیویەتی وەڵامی کۆتایی بۆ بوون و دیاردەکانی سروشت ورووژێنەرەکان بەدەست بێنێت و ڕەمەکەکانی خۆی پێ تێر بکات و خودیەتیی عەقڵی و دەروونی خۆی پێ ڕازی بکات. لەگەڵ سەرهەڵدانی ئاینە جیاجیاکان و کتێبە ئاسمانییەکان و ڕێنمایی و ئامۆژگاریی پەیامبەرەکان، سۆفیگەریش بە پشتبەستن بەم سەرچاوە ئاینییانە چووە ناو فۆڕمێکی بەرنامەدارەوە، چەندین بۆچوونی زانستی و سەرچاوەی زانستی و کەسایەتیی گەورە لەو مەیدان و بوارەدا سەریان هەڵدا. ئیتر لەمەوە کۆمەڵێک کەس کە دەچنە ناو بازنەی سۆفیگەرییەوە هەموو توانایەکی ڕووحیی خۆیان لە ڕێگەی سۆفیگەری بەکارهێنا، ئەو ڕێگایەی

له چەندین قۆناغ و مەقام پێکدێت و سۆفیگەرەکان بۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستیی خوا و ڕەزامەندیی خوا خۆیان لەم ڕێگەیەدا بە ئامانجی ئەوەی بگەن بە "حق الیقین"، دونیا و حەز و ئارەزووە دونیاییەکان و خودیەتیی خۆیان پشت گوێ خست، ئەو ڕێگەیە سەرەڕای لایەنی تیۆری و زانیاری ڕێگەیەکی پراکتیکییە و پێویستی بە ئەنجامدانی چالاکیی کرداری و ڕووحی هەیە. بەهۆی بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لە ناوچەکەدا بیرکردنەوەی سۆفیگەریانە لە ناوچەکەدا لەسەر بنەما و سەرچاوەکانی ئاینی ئیسلام خۆی بیناکرد، لەو سنوورەدا چەندین کەسایەتیی ئاینی و سۆفیگەر هەڵکەوتوون، بیرکردنەوەی سۆفیگەریانەش گەشەسەندنێکی زۆری بەخۆیەوە بینی بۆ ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و لایەنی ئەدەبی و هونەری شۆڕبوویەوە.

سۆفیگەری هەم وەکو ڕێباز هەم وەکو چەمک و زاراوە و بوار و بابەتەکانی پەیوەست بەم جیهانە توانی خۆی شۆڕبکاتەوە بۆ ناو ناوەرۆکی دەق و بەرهەمی ئەدەبییەوە، هەر بۆیە بە شێوەیەکی گشتی لە ئەدەبیاتی میللەتانی ڕۆژهەڵاتیدا، شیعری سۆفیگەری ڕووبەرێکی باشی داگیرکردووە بە تایبەتی لە شیعری کۆن یان شیعری کلاسیکیی ئەو نەتەوانەدا. بەهەمان شێوە گوزارشتی سۆفیگەری و چەمک و زاراوەکانی ئەم بوارە لە شیعری کلاسیکیی کوردیشدا بەشێوەیەکی دیار دەکەوێتە بەرچاو.

مەلای جەزیری وەک یەکێک لە شاعیرە کلاسیکەکانی سەر بە قوتابخانەی کرمانجی سەروو، لە ژێر کاریگەریی ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی نەتەوە موسوڵمانەکان و سۆفیگەریی ئیسلامیدا، بیر و بۆچوونی ئاینی و عیرفانیی خۆی دامەزراندووە، هەر لەو چوارچێوەیەشدا گەشەی بە توانای شیعریی خۆی داوە و گوزارشتی لە مەبەست و پەیامە

ڕووحییەکانی خۆی کردووە. مەلای جەزیری وەک عاشقێکی ئیلاهی و سالیکێکی ڕێگەی سۆفیگەری لە شیعرەکاندا خۆی وێنەکردووە. واتە مەلای جەزیری لە دەقە شیعرییەکانیدا گوزارشت لە ڕێبوارێکی ڕێگەی سۆفیگەری دەکات، کە دەیەوێت لە ڕێگەی بڕینی مەقامە جیاجیاکانی ناو جیهانی سۆفیگەرییەوە بگاتە مەقامی وەصل و پلەی "حق الیقین"، بەم شێوەیە گوزارشت لە خودی سالیکانەی خۆی دەکات. ئەم ڕاستییەش لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

لە نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە، ڕێبازی (وەسفی- شیکاری) پەیڕەوکراوە، دوای ئەوەی وەسفی چەمکەکان کراوە و زانیاریی تیۆری لەسەر سالیک و مەقام و جۆرەکانی خراوەتەڕوو، ئینجا لەسەر بنەمای ئەو وەسف و زانیارییانە کاری پراکتیکی لەسەر نموونەی شیعری مەلای جەزیری کراوە و دەقە شیعرییەکان شیکارکراون و بۆچوون و مەبەستەکان پشت ڕاستکراونەتەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکییەک و سێ تەوەرە پێکدێت: لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە سالیک و خاسییەتەکانی کەسایەتیی سالیک دەکات، دواتر سیما و شێوازی دیاریکراوی سالیکیەتی مەلای جەزیری دەخرێتە بەرباس. تەوەرەی دووەم، بۆ ناساندنی چیەتیی مەقام خراوەتەڕوو ئینجا ئاماژە بە سروشتی ئەو مەقامانە کراوە لای مەلای جەزیری. لە تەوەرەی سێیەمدا، ئاماژە بە کۆمەڵێک مەقامی سۆفیگەری کراوە، کە خۆی لە دە مەقامدا دەبینێتەوە بە نموونەی شیعرەکانی مەلای جەزیری.

لە کۆتاییشدا ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەیە لە چەند خاڵێکدا کورت کراونەتەوە، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

## سالیک و تایبەتمەندییەکانی کەسایەتیی سالیک

سەبارەت بە سروشتی سالیک و سیما و کەسایەتی و سیفەتی سالیکایەتیی مرۆڤ و سەرچاوەی سالیکبوونی مرۆڤ، ئەوا دەتوانین ئاماژە بە دوو جۆرە سالیک بکەین لە مرۆڤدا. یەکەم سالیکێکی غەریزی و گشتی، ئەم جۆرە سالیکە وەک سیفەتێک بە شێوەیەکی گشتی و نامەنهەجی لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا هەیە و پەیوەستە بە سروشتی ڕەمەک و خودیەتیی دەروونی مرۆڤەوە، مرۆڤ هەر لە سەرەتای بوونییەوە کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ورووژێنەرەکانی سروشت و دیاردەکانی ژیان و گەردوون کاری تێکردووە، خۆشی حەزی زانین و بەدواداگەڕانی هەیە و پرسیارکردن و گەڕان بەدوای وەڵامەکان لە سروشتی کەسایەتیی عەقڵی و دەروونیی مرۆڤن، هەر لە سەرەتاوە ئادەمیزاد بەرانبەر بە هەموو شتێک لە ژیاندا دادەمێنێت و پرسیار دەکات لەسەر بوون و نەبوون و ڕووح و دیاردەکانی سروشت و مردن و ژیان و خۆر و مانگ و ڕووناکی و با و باران و هەموو شتێکی تر ورد دەبێتەوە و بەدوای وەڵام و تێگەیشتن و قەناعەتپێهانی خۆیدا دەگەڕێت، دەیەوێت بزانێت ئەم جیهانە چییە و بۆچی دەژی و دواتر بۆکوێ دەڕوات و سەرچاوەی بوونەکان چین؟ ئەم پرسیارنە هەر لە سەرتادا لەگەڵ مرۆڤدا هاتووە و بە لایەنی عەقڵی و دەروونی و ڕووحیی مرۆڤەوە پەیوەستە. ئیتر مرۆڤ لەمەوە بە شوێنی سەرچاوەی سەرچاوەکاندا گەڕاوە و شەیدای هەڵسوڕێنەری ئەم گەردوونە بووە. (بێلاف بەرزنجی، ٢٠١٩، ل١٧ــ٢٥). ئیتر ئەم حەزەی زانین و شەیدابوونەی سەرچاوەی بوونەکان هەم زانست و فەلسەفە و هەم تەسەوفیشی بەرهەمهێنا، چونکە سروشت و ژینگەی کۆمەڵایەتی وەک وروژێنەرێک، مرۆڤ خۆویست و خۆنەویستانە ناچار دەکات بە ڕێگەی جیاجیا وەڵامدانەوەی هەبێت، واتە (ژینگە ڕووبەڕووی مرۆڤەکان دەبێتەوە و کاریان تێ دەکات، مرۆڤیش بە

ڕێگـــای جۆراوجـــۆر وەڵامـــی بـــۆ ئەم ڕووبەڕووبـــوونەوەیە دەبێـــت و کـــاردانەوەی خـــۆی دەنوێنێـــت، بەم کاردانەشـــەوە مەبەســـتەکانی خـــۆی جێبەجـێ دەکـات) (عبـدالعزیز، ٢٠٠٦، ص١٧). چـونکە مـرۆڤیش لە نـاخی خۆیـدا جیهـانێکی پڕ لە خەیـاڵ و حەز و بیرکـردنەوە و غەریـزەیە، لەگەڵ ورووژێنەرەکان ئاوێتە دەبێت و بۆچوونی نوێ بەرهەم دێنێت. (ژینگەی مرۆیـی بەتەنهـا جیهـان نیـیە، گەر وا لە وشـەی جیهـان گەیشـتبێتین، کە بریتییە لە جیهانی شتەکان، لەبەرئەوەی ژینگەی تایبەتی کەسـەکەش هەیە، چـونکە بـوونەوەری مرۆیـی لە کـارلێکی بەردەوامـدایە لەگەڵ بـوونەوەرە مرۆییەکـانی تـردا) (واری، ٢٠٠٥، ل١١٨). ئەم کارلێـک و حەزەی زانـین و بەدواگەڕانە بۆ خالیق و سەرچاوەی وجودی دیاردە و ماددەکان، ئەوا بۆ خـودیەتی سـالیکیی مـرۆڤ دەگەڕێـتەوە، کە بە شـێوەیەکی ڕێژەیـی لە هەموو کەسێکدا بوونی هەیە.

دووەم سالیکی ڕێگەی حەق، کە بریتییە لەو سالیکەی لە ناو بازنەی سـۆفیگەریی ئیسـلامی لەسـەر یاسـا و بنەماکـانی سـۆفیگەری و بە پشتبەستن بە سەرچاوە ئاینییەکان مرۆڤ ڕێگەی بەرەو خوا دەگرێتەبەر، بە پەیژەی مەقامەکاندا سەردەکەوێت و دانە بە دانە مەقامەکانی دەبڕێت، تا دەگاتە "حق الیقین". لەم بازنەیەدا سالیک تایبەتمەندیی سۆفیگەرییانەی خۆی وەردەگرێت، کە پەیوەستە بە ئامانجێکی دیاری کراوەوە. واتە لێرەدا سـالیک بـریتییە لەو ڕێبـوار و سـۆفیگەرەی، کە ڕێگەی خـوا دەگـرێتەبەر، لەپێناو ئامانجێکی گەورەدا واز لە بڕیاری عەقڵ و مەنتیق دێنێت و پشت بە هێزی دڵ و ڕەهەنـدە ڕووحییەکانی دەبەستێت، بۆ ئەوەی پلە بە پلە بەسەر پلیکانەی مەقامەکان بکەوێت تا دەگاتە قۆناغی "عین الیقین". ئەم ڕێگا بڕین و هەوڵدانەش دەبێت لەناو جیهانی سۆفیگەریدا بێت، پەیوەستە بە لایەنە ڕووحییەکان و بابەتی "کەشف و شهودە"وە، (سۆفییەکان لەهەر سەردەم و کاتێکدا بن پێشڕەوی ژیانی ڕووحی بە چەندین شێوازی سەیر

و ســـەرنجڕاکێش هاوشـــێوە دەکەن، هەمـــوو هەنگاوێکیشـــیان لەپێنـــاو ڕازیکردنی خوایە، بۆ ئەو مەبەستەش خۆی ناوە ناوە "سالیک" ڕێگوزار یان پیاوی ڕێگە، کە بریتین لەو کەسانە کە لە ڕێگەی خودادا پلە و مەقام و پـایە و ئەحواڵەکـان دەبـڕن) (تەوەککـولی، ٢٠١٥، ل٨٠). سـالیک و ڕێگەکەشی و هەموو ئەو مەقام و حاڵ و جیهانە ڕووحییەش دەکەوێتە ناو بازنەی تەسـەوفەوە، چونکە ئەم جیهانە هەروەکو ئیمامی غەزالی دەڵێت: (جەوهەری ڕێبازی سۆفیگەری، بریتییە لە پاککردنەوەی نەفسی خراپەکـار لە هەرچـی حەز و ئـارەزووە دونیاییەکـان و خـوە خـراپ و شـــەڕەنگێزەکان، دابڕانـــی دڵ لە دونیـــا و لکانـــدنی بە خـــوا و فرمـــان و داواکراوەکـانی خـوا و ڕوونـاککردنەوەی دڵ و دەروون تەنیـا بە نـووری خوا، ئەمەش بە زانست و کردەوە دەکرێت، چونکە تەسـەوف لەسـەرووی هەموو ڕێباز و مەزهەبێکەوەیە ڕێگەی قوڵبوونەوەیە لە عەشقی خوا هەر ئەم عەشقەش بۆ سالیک بە مەرج گیراوە، بەم عەشقە دڵ پاک دەبێتەوە و بە ڕەهایی پشت لە دونیا دەکات، لە ئەنجامدا دڵ لە نوور و زیکری خوا نقووم دەبێت، بەنـدە لە خـوادا فەنـا دەبێت، هەر لەو ڕێگایەشـدا سـالیک دەگات بە "مشاهدە و مکاشفە و نهێنییەکان و مەقامەکان دەبڕێت و پلەی لای خوا بەرز دەبێتەوە ) (ئیمامی غەزالی، ل٨٢). جیهانی سۆفیگەری بنەما و میکانیزمی تایبەت بەخۆی هەیە و پێشکەشی سۆفیگەرەکانی دەکات بە مەبەستی بوون بە سالیک و بڕینی ڕێگای مەقامەکان، ئەم ڕێگەیە ئاڵۆزی و سەختیی زۆری تێدا بەدیدەکرێت، هەموو هەوڵێک بۆ ئەوەیە بەندە بگات بە خـوا، ئەم گەیشـتنەش لە مەقامی وەصـڵ خۆی دبینێتەوە، کە پێویسـتە پێش ئەو مەقامە و گەیشتن بە یەقین و نقوومبوونی لە نووری خوا، بەنـدە بە تەواوی خـــاوێن ببێـــتە و لە بەرگ و ویســـتە خـــراپ و دونیاییەکـــان دابماڵـدرێت، جگە لە خـوا لە هەمـوو شـتێک دابڕانـی ڕەهـای بەسـەردابێت، بێگومـان ئەمەش پرۆسـەیەکی تەدریجییە، بەکەسـێک دەکرێت بووبێت بە سـالیک وردەوردە بەسـەر پلیکـانەی مەقامەکانـدا سـەرکەوێت، ئیتـر ئەم

کەسە بەرەو تایبەتمەندیی سۆفیگەری و عیرفانی دەڕوات، ئیتر (ڕێبواری ئەو ڕێگەیەش لە پاکبوونەوەدایە و تازە هیچ شتێک پیسی ناکات و پیسییەکانیش بەو خاوێن دەبنەوە، چونکە بازنەی تەسەوف خۆی لە سلوکی باڵا پێکدێت، کە لە لایەن پیاوانی خوا سەری هەڵداوە و کەسانێکی نموونەییش پەیڕەوی لێ دەکەن، کە هەرگیز بەدوای خاوەنداریەتیی شتەوە نین) (القشیری، ل٢٠١٨ــ٢٠١٩). بوون بە سالیک و بڕینی مەقامەکان ناوەستێتە سەر لایەنی تیۆری و زانستییەوە، بەڵکو پەیوەستە بە چەشتن و بینین و بواری پراکتیکییەوە، بۆیە سالیک هەرچەندە زانیاریی تیۆری لەسەر بابەتەکە هەبێت ناتوانێ بگات بە ئامانجی سۆفیگەریانەی خۆی و یاخود مەقامەکان ببڕێت و بگاتە "حق الیقین"، بەڵکو دەبێت خۆی بە شێوەیەکی کردەکی بە کار و چالاکی و کردەوە بەو ڕێگەیەدا بڕوات و گۆڕانەکانی بەسەردابێت و حاڵەکان بچێژێت و شەڕ لەگەڵ نەفسی خراپەکار و دوودڵی و گومانەکانی ناخی بکات، هەروەکو ئیمامی غەزالی دەڵێت: (دوای ئەوەی وازم لە لایەنی فەلسەفی هێنا ڕووم کردە جیهانی سۆفیگەری لەو جیهانە حەقیقەتم دۆزییەوە، بۆ ئەو مەبەستەش هەرچی کتێب لەم بوارە نووسرابوون هەموویم خوێندەوە و توانیم لە زانستەکە و مەبەستیان تێبگەم، دواتر ئەوەم بۆ دەرکەوت، کە زانست لەو ڕێگەیەدا بەندە ناگەیەنێتە ئامانج، بەڵکو دەبێت دڵ پڕ بکرێت لە عەشقی خوا، بۆیە گەیشتمە ئەو دەرئەنجامەی کە سۆفیگەری جیهانی حاڵ و مەقام و دڵەکانە، بۆ گەیشتن بەو مەقامانەش تەنیا زانیاری و زانست بەس نییە، بەڵکو عەشق و کار و کردەوەش پێویستە، کە بریتییە لە دڵ دابڕین لە دونیا و خۆشییەکانی پڕکردنی لە نووری خوا، بۆیە بۆ ماوەی دە ساڵ لەو ڕێگە بە تەنیا و گۆشەگیری بەردەوامبووم و بۆم دەرکەوت سۆفییەکان سالیکی ڕاستەقینەی ڕێگەی حەق و خودان) (ئیمامی غەزالی، ل٨٢ -٨٥). سالیک لەم ڕێگەیەدا دەبێت بەشێوەیەکی کردەکی بەسەر پلیکانەی مەقامەکاندا سەرکەوێت، چونکە لە بڕینی هەر

مەقامێکدا بە شتێکی نوێ دەگات و خوا دەرگەیەکی نووری بەڕوودا دەکاتەوە و نهێنییەکی بۆ دەردەکەوێت، بە زانینی تیۆری هەرگیز هەست بەو نوور و عەشقە ناکات، بەڵکو ئەو عەشق و ڕێگوزەرییە خۆی تەنیا لە چەشتنی مەقام و حاڵەکاندا دەبینێتەوە، بۆیە ئیبن عەرەبی دەڵێت: ڕێبواری ڕێگای خوا (ئەو کەسەیە، کە لەو ڕێگەیەدا بەسەر مەقامەکاندا دەڕوات، بەهۆی حاڵەکانییەوە، نەک بە زانست و وێنەکردنەکەی، زانستیش وەک چاوساغێک دەبێت بۆی و لە گومان و دوودڵی دەیپارێزێت) (الحفنی، ١٩٨٠، ل١٢٧). بۆیە پلە و پایەی سالیکیش نەبەستراوەتەوە بە زانستە تیۆرییەکەی، بەڵکو لەسەر ڕێژەی عەشقە ئیلاهییەکەی وەستاوە، کە تا چەند لەو خۆشەویستییەدا تواوەتەوە و چەند مەقامی لەو ڕێگەیەدا بڕیوون. ئیبن عەرەبی سالیکەکان بەسەر چوار بەشدا دابەش دەکات بەپێی پلەکانیان و بوونی زانیارییان بە خوای گەورە.

یەکەم سالیکی خودی، واتە سالیکی پشتبەستوو بە خود، کە بەهۆی جێبەجێکردنی واجبەکان و سوننەتەکان و کاری خێر لە خوای گەورە نزیک دەبێتەوە و خۆشەویستیی خوا بەدەستدێنێت.

دووەم سالیکی خودایی پشتبەستوو بەخوا ئەو سالیکەیە، کە بە تەواوی بوونییەوە بۆ لای خوا دەڕوات، لە بیستن و بینین و لە هەموو توانایەکی حەقانیەتی خوا جێگیر دەبێت.

سێیەم سالیکی بەکۆ، ئەو سالیکەیە کە دوای ئەوەی حەق بوو بە بیستن و بینین و توانا و هەست و زانینییەکانی بێ ئەوە هەست بەخۆی بکات ئەوا وردەوردە خۆی لەبیردەچێت، چونکە حەق بووە بە هەست و زانینی ئەو.

چـوارەم سـاليكى سـاليك نەبـوو، لەم جـۆرەدا سـاليك خـۆى بە شێوەيەک دەبينى، کە سەربەخۆيى نەماوە، مادام حەق لە سيفەتى ئەودا جێگير بووبێ، ئەوا سلوکى خۆى نەماوە و موکەلەفە بە سيفەتى حەقەوە، کەواتە ئەو کەسە هەرچەندە ساليکە بەڵام وەک ساليکێک بوونى نەماوە، بـووە بە دەفرێـک سـيفەتى حەقـى هەڵگرتـووە. (ابـن عربـى، ١٩٩٩، ج٤، ل١٥-١٨). ئەم جۆرە ساليک ئەو ڕێبوارەيە، کە ڕێگەى حەقى بەرەو حەق دۆزيـوەتەوە، کە لە جيهـانى سـۆفيگەريدايە، بڕيـارێکى خـودى و نـاوەکى دەدات، کە لەناو بازنەى سۆفيگەريدا بە پليکانى مەقامەکان سەرکەوێت و خۆى بگەيەنێتە دوا قۆناغى ئەم ڕێگەيە، کە "حق اليقين"ە.

## ساليکبوون و ساليکيەتى مەلاى جەزيرى

سەبارەت بە شێوازى ساليکيەتى مەلاى جەزيرى، لە هەردوو جۆرى سـاليکەوە هەسـت بە بـوونى سـاليکيەتى مەلاى جەزيـرى دەکەيـن. يەکەم ساليکيەتى گشتى وەک سيفەتێک، کە پەيوەستە بە هەموو مرۆڤێکەوە، کە خـۆى لە حەزى زانـين و ڕامـان و هەوڵـى مـرۆڤ دەبينێـتەوە بـۆ زانينـى حەقـيقەت و گەڕان بەدواى هۆکـار و سـەرچاوەى بوونەکـان. دووەم سـاليکيەتى ڕێـگەى حەق، کە تێيـدا مەلاى جەزيـرى لە چوارچێـوەى سـۆفيگەريى ئيسـلامى مومارەسـەى ساليکيەتە گشتييەکەى خـۆى دەکات، بەمەش مەلاى جەزيرى دەبێتە ساليکێک لە ناو سۆفيگەريى ئيسلاميدا. ئەم ڕاستييەشـمان لە گوزارشـتى شـيعرەکانى خـۆى بـۆ دەردەکەوێـت، کە لە نـاوەرۆکى شـيعرەکاندا هەسـت بە خۆشەويسـتييەکى قـووڵ و عەشـقى حەقيقى دەکەين. بۆيە لێرەدا ناچينە سەر ژيانى تايبەتيى مەلاى جەزيرى لە ڕووى بايۆگرافييەوە، ئەوە پەيوەستە ساغکردنەوە لە ڕووى مێژووى ئەدەبييەوە، بەڵکو مەلاى جەزيرى لە شيعرەکانيدا خودێکى ساليکى وێنە کێشـاوە، سـاليکێکى عاشـق، کە لەو ڕێگەيەدا زۆر بە قـووڵى ڕووچـووە و

بوونی حاڵ و مەقامەکانی تێدا بەدی دەکرێت. مەبەستی ئێمە ئەو خودە سالیکیەیە، کە مەلای جەزیری لە شیعرەکانیدا وێنەی کردووە، کە بریتییە لە مەلایەکی سالیک ئاسا لە ڕێگەی عەشق و هەست و حاڵ و مەقامەکان گوزارشت لە خۆی دەکات، بێگومان ئەو خودەی سالیکەی مەلای جەزیریش لە شیعرەکاندا بەرجەستەی کردووە، گوزارشت لە ڕێژەیەکی دیاریکراوی سالیکیەتی مەلای جەزیری دەکات لە واقیعدا.

ئەو خودە سالیکەی مەلای جەزیری لە شیعرەکانیدا وێنەی کردووە، سالیکێکە لە قووڵایی عەشقی ئیلاهیدایە و لەژێر کاریگەریی سۆفیگەریی ئیسلامیدایە، سەرچاوەکانی ئەم ئاینە بە تایبەتی قوڕئان بوون بە بەرنامەی ڕۆیشتن لە ڕێگای عەشقەکەیدا. دوو ئاماژەی قورئانی "أحسن تقویم و علم الاسماء " بنەمای بیری عیرفانی جەزیرین، عەشقی جەزیری عەشقێکی حەقیقییە، نەک مەجازیی ڕووت، لەم ڕووەوە جەزیری لەسەر باوەڕی کەسانێکی وەک "احمد غزالی و عین الاقضاة الهمداني" یە. عەشق لای جەزیری لەسەرووی عەقڵە ئەمەش تایبەتییەکی هەموو ئەو سۆفییانەیە، کە سەر بە قوتابخانەی ڕۆژهەڵاتی سۆفیگەریی ئیسلامین، چونکە باوەڕی ئەوان لەسەر حیکمەتی زەوقی یاخود حیکمەتی چەشتنە، کە ڕۆڵی عەقڵ لە ناسینی خوا ڕەتدەکەنەوە (چالی، ٢٠٠٨، ل٢٤٦). مەلای جەزیری بە پشتبەستن بە سەرچاوەی ئاینی و سۆفیگەریی ئیسلامی بیرکردنەوەی عیرفانی خۆی بینادەکات، لە بیرکردنەوە و ناو و خۆشەویستییەکی مەجازییەوە بۆ عەشقی حەقیقی دەچێت.

مەلای جەزیری دونیای مەجازی وەک هۆکارێک بەکاردێنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجی سۆفیگەریانەی خۆی، وەک کەسایەتییە گەورەکانی جیهانی سۆفیگەری لە بازنەی بچووکەوە بۆ بیرکردنەوەی گەورەتر و عەشقی باڵاتر هەنگاو دەنێت. هەروەکو خۆی دەڵێت:

سالیک کێیە؟ هاتی ژ مەجازێ ب حەقیقەت

سوورەت نەشوناسیی و ب مەعنا نە فەنا گرت    مەلای جەزیری، دیوان، ل١٤٣

مەلای جەزیری خۆی ئاماژە بەوە دەکات، کە سالیکی حەقیقی ئەوانەن، کە لە خۆشەویستیی مەجازی و جوانیی دونیاوە بە عەشقی حەقیقی و جوانی و نووری ئیلاهی دەگەن و لەو ئەوینەدا فەنا دەبن. ئیتر مەلای جەزیری لە مەجازییەوە بۆ حەقیقی و لە بازنەی بچووکی کەسییەوە بۆ بازنەی گەورەتری جیهانی هەنگاوی ناوە، بۆیە جەزیری وەک عارفێک بە دیدێکی جیهانی سەیری مرۆڤ و ئاینەکانی کردووە، لەو بڕوایە دابووە، کە ئاینەکان و بڕوادارەکانی یەک پەرستراویان هەیە، کە ئەویش یارە (خوایە)، بەڵام هەر یەکێکیان ناو و سیفەتێکییان پێ بەخشیوە، کە خوا نوور و عیشقە و لەناو دڵی مرۆڤایەتییە. جەزیری شاعیرێکی حەلاج دۆستبووە و ژیان و بیروباوەڕەکانی کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر داناوە بە ڕادەیەک وتە بەناوبانگەکەی "انا الحق"ی بەدەربڕینێکی پڕ لە پێچ و پەنادا دەبڕیوە و کردوویەتییە "انا الایم". بە وردی و قووڵی لە جیهانی عیشق و جۆرەکانی و فەلسەفەی نوور گەیشتووە، کە ئەمەش کاریگەریی "سوهرەوەردی" لەسەر بیر و باوەڕی ئەو دەسەلمێنێت (مەحموود، ٢٠١٤، ل١٥٦ـــ١٥٧). سالیکیەتی مەلای جەزیری خۆی لە شێوازی پراکتیکی و کردەیی بینیوەتەوە، پشتی بە چەشتنی عەشق و دڵگۆڕان و ڕووداو و بەسەرهات بەستووە، لە دەرەوەی پەیوەستبوون بووە بە کەسێکی دیاریکراوەوە، کە وەک ڕێبەرێک بەدوایدابڕوات، بەڵکو باگراوەندە ئاینی و عیرفانییەکەی بوون بە چاوساغ بۆی، (بەپێی شیعرەکانی جەزیری ئەم شاعیرە سۆفییە، گەیشتووەتە پلەیەکی بەرزی سۆفیگەری، بەڵام هیچ بەڵگەیەک بە

دەستەوە نییە، کە ئەم سۆفییە خاوەن تەکییە و خانەقا بوو بێت و ڕابەری تەریقەتی گرتبێتە دەست بۆیە دەشێت ئەم بیرۆکەیە بێتە ئاراوە، کە جەزیری لەسەر چەشنی کەسێکی وەک "عەتار نیشابووری" سۆفییەکی "ئەوسی" بێت، واتا خۆی خۆی پێگەیاندووە، تەنیا تۆفیکی خوای پاڵنەری بووە) (چالی، ٢٠٠٨، ل٢٤٦). مەلای جەزیری وەک مەلایەکی زانا و پڕ زانیاری بووە بە عاشق و سالیکی ڕێگەی خوا، عەشقەکەی عەشقێکی ئیلاهییە و مادە و دونیای مەجازی وەک هۆکار و پردێک بۆ عەشقە ئیلاهییەکەی بەکاردێنێت، هەروەک موفتی قامشلی ئەحمەد بن زفنگی لە وەسفی جەزیریدا دەڵێت: (مەلای جەزیری عارفێکە ڕەبانی و عاشقێکی ئیلاهییە، خوا کردوویەتی بە خاوەنی نهێنیی و تایبەتمەندیی ئەولیاکان و کەلامی بەرز، هەروەها بە مەقامی بەرزی گەیاندووە) (زفنگی، ١٩٥٨، ل أ). بەم جۆرە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت مەلای جەزیری عەشقەکەی عەشقێکی ئیلاهی بووە، لەو ڕێگەیەشدا چەندین مەقامی سۆفیگەری بڕیوە، ئەمەش بە ئاشکرا لەو کەسایەتییە هەستی پێ دەکرێت، کە مەلای جەزیری لە شیعرەکانیدا وێنەی کێشاوە.

## چەمکی مەقام و مەقامەکانی سالیک

سالیکبوون پەیوەستە بە سروشتی ئەو ڕێگەیەی بەندە پێیدا دەڕوات بە مەبەستی گەیشتن بە قۆناغی "عین الیقین"، ئەم ڕێگەیەش لە چەندین پلە و وێستگە و مەقامی جیاواز پێکدێت، سالیک لە بڕینی هەر مەقامێکدا زیاتر لە خوا نزیک دەبێتەوە، مەقامەکانی سالیک پلە و ئاستی عیرفانیەتی کەسایەتیی سۆفیگەرمان بۆ دیاریدەکەن، پلەی سالیکیش لای خوا لەسەر بنەمای مەقامەکان و چۆنیەتی و چەندیەتی بڕینی مەقامەکان دەوەستێت، بۆیە سالیک لە هەر مەقامێکدا ڕێژەیەکی زیاتری لە حەقیقەتی بۆ ڕوون دەبێتەوە و زیاتر لەگەڵ خوا و خۆشەویستیی خوا تێکەڵ دەبێت، لە

بەرانبەردا هەستی خودیەت و مادیەت لە ناخیدا کەمتر و بێ بایەختر دەبێت. بۆیە (مەقام لە تەسەوفدا بنەمایەکی زۆر گرنگە، چونکە ڕێبوار تێیدا جێگیر دەبێ، مەقام بەو چۆنیەتە بەردەوامە دەڵێن ڕێبواری ڕێگەی تەسەوف تێیدا دەمێنێتەوە تا ئەو کەسە ئیستعداد و قابلیەتی مەقامێکی بالاتری دەبێت) (بێلاف بەرزنجی١، ٢٠١٩، ل٣٦٤). مەقام کە بریتییە لە چەند پلە و مەنزیلەیەک سالیک بۆ گەیشتن بە هەر مەقامێک و مانەوە تێیدا پێویستی بە هەوڵ و کۆششێکی زۆری جەستەیی و ڕووحی هەیە. لای خوای گەورە لەسەر بنەمای بڕینی ئەو مەقامانە سالیک پلەکەی بۆ دیاریدەکرێت، بۆیە لە قورئانی پیرۆزدا لە چەندین ئایەتدا ئاماژەی بەم مەقامانە کراوە، کە وەک پاداشتێک بۆ بەندە دیاری کراون، بۆ نموونە خوای گەورە دەفەرموێت: (وَمِنَ اللَّيْلِ فَتَهَجَّدْ بِهِ نَافِلَةً لَّكَ عَسَى أَن يَبْعَثَكَ رَبُّكَ مَقَامًا مَّحْمُودًا) (سورەتی ئیسرا، ئایەتی ٧٩). لێرەدا خوای گەورە بە پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت دەڵێت: ئەی موحەممەد هەوڵبدە و لە شەودا هەستەوە و یادی خوا بکە و خواپەرستی بکە، بەو ئومێدە بە، کە خوای گەورە بتگەیەنێتە مەقامی مەحموود، کە مەقامێکی بەرز و ستایشکراوە.

لە قورئاندا بۆ هەر یەکێک لەو مەقامانەی سالیک دەیانگاتێ خوای گەورە لە بەرانبەردا مژدەی مەقامێکیان لە بەهەشت پێ دەدات، واتە (مەقام بەو چۆنیەتییە دەڵێن، کە بەندەیەکی خوا لە لایەنی خواوە خەڵات ئەکرێت، وەکو مەقامی صابیرەکان، مەقامی موتەوەککلین، هەرکاتێ یەکێک لەم مەقامانە بووە خەڵاتی کەسێک لەوەدا دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی خوا بیەوێ پلەییەکی بالاتری بداتێ و لەو پلە بڕواتە پلە بالاکە) (نەقشەبەندی، ١٩٨٥، ل١٩٥-١٩٦). ئەمەش بە پێی قووڵبوونەوە و ئاوێتەبوونی کەسەکان گۆڕانی بەسەر دادێت، چونکە زوو گەیشتن بە مەقام و بڕینی مەقامەکان لەسەر هەوڵ و کۆششی سالیک دەوستێت لەو ڕێگەیەدا، (بەپێی دابی سۆفییەکان بە پلە و پایەی بەندە بەلای خواوە ئەڵێن مەقام، بێگومان

مەقـام لە ڕێـگەی خواپەرسـتییێکی ڕاسـتەقینەی بەردەوام و خەبـات دژی نەفـس و وەرزشـــی ڕووحـــی و دەروونـــی دەســـتی بەنـــدە دەکەوێـت) (نەقشـبەندی، ل١٩٣). مەقامەکـانی سـالیک پشـت بە چەشـتن و کـار و چـالاکیی پراکتیکـی دەبەسـتێت، واتە سـالیک دەبێت بە شـێوەی کردەکـی بگاتە هەر مەقامێک و حاڵ و گۆڕانکارییە ڕووحی و دەروونییەکان ببینێت و خۆشـی و ناخۆشـییەکانی بچێژێـت، هەرگیـز بە شـێوە تیـۆری مـرۆڤ ناتوانێت ببێت بە سـالیکێک لەنـاو جیهـانی سـۆفیگەریدا، هەروەکو ئیمـامی غەزالـی ئامـاژە بەوە دەکـات، کە (سـۆفیگەری لەسـەر بنەمـای زانیـاریی زانسـت و زانیـاریی تیـۆری و گێـڕانەوە نایەتەکـایەوە، بەڵکو سـۆفیگەری دونیـای دڵ و حـاڵ و مەقامەکـانە ئەوانەش پشـت بە کـار و کـردەوە و چەشـتن دەبەسـتێت، چەشـتنی عەشـق و دڵ خـاوێنکردنەوە و ڕووکـردنە خـوا مەرجـی ئەم ڕێـگەیەن) (ابـو حامـد غەزالـی، ل٨٢). بـۆیە مەقـام پرۆسـەیەکە پێویسـتی بە ئەنجامـدان و جێبەجـێکـردن هەیە، گەیشـتن بە مەقامێـک لە ئەنجـامی هەوڵ و کـردەوە و تێکۆشـانی سـالیکەوەیە، ئەم پرۆسـەیە خۆویسـتییە و پەیوەسـتە بە هەڵبـژاردن و بڕیـاردان و ئیـرادە و بەردەوامی مرۆڤەکەوە.

لە سەرچاوە سۆفیگەری و عیرفانییەکاندا ئاماژە بە کۆمەڵێک مەقام و جۆری جیاواز کراوە، هەندێکیان بۆ حەوت مەقام و هەندێک بۆ دە مەقام دابەشی دەکەن هەندێکی تر شازدە مەقام یان بیست و پێنج و زیـاتریش دیـاری دەکەن، کە خـۆی لەم جـۆرانەدا دەبینێتەوە (تەوبە، خۆشەویسـتی، خۆپارێزی، زوهد، قەناعەت، خۆبەکەمزانین، ئارامگرتن، شوکر، تەوەککول، تەسـلیم، ڕەزا، خودسەرزەنشـتکردن، ڕاسـتی، چـاودێری، چـاکە، تـرس، ئومێـد، نزیکـی لە خـوا، فەنـا، بەقـا، تەوحیـد، تەنـزییە، دامـاڵین، تەوحیـد، عبودییەت... هیتر).

سەبارەت بە ڕێکخراوەیی و پلەبەندی ئەو مەقامانە بۆچوونی جیاواز هەیە، مەقامی تەوبەکردن بە یەکەم مەقام دادەنرێت و پلیکانەی یەکەمی پرۆسەکەیە، لە ئەنجامی قووڵبوونە و بەردەوام بوون لەو مەقامە، مەقامەکانی تری بەدوادادێت، گەیشتن بە هەر مەقامێک سالیک لەو مەقامە دانابڕێت، کە بڕیویەتی بەڵکو دەبێت مەقامی یەکەم تا دوا مەقام لەگەڵ سالیکدا بڕوات، ئەو مەقامانە سیفەتی پەیژەییانەیان هەیە هەر مەقامێک پلیکانەیەکە سالیک بۆ مەقامی تر بەرزدەکاتەوە و زەمەنیش بۆ بڕینی مەقامێک و گەیشتن بە مەقامێکی تر دیاری نەکراوە، بۆ نموونە مەقامی تەوبە، کە دەسپێکی ڕێگەی سالیکە، سالیک لەو مەقامەدا پەیمان دەدات واز لە گوناە و تاوان بهێنێت و لەپێناو خوا پشت لە ئارەزوو و نەفسی شەیتانی دەکات، ئیتر دەبێت بە درێژایی ڕیگەکە و لە هەموو مەقامێکدا پارێزگاری لەم پەیمانە بکات، هەر کاتێک سالیک ئەو تەوبەیەی شکاند و گەڕایەوە سەر تاوان، ئەوا ناتوانێ درێژە بەو ڕێگەیە بدات.

لێرەدا ئێمە کۆمەڵێک لەو مەقامانە وەردەگرین، کە لە سەرچاوەکانی وەک (ئیمامی غەزالی و ئیبت عەرەبی و قوشیەری) ئاماژەیان پێکراوە، لە شیعرەکانی مەلای جەزیریدا بوونیان هەیە.

## ڕەنگدانەوە مەقامەکانی سالیک لە شیعرەکانی مەلای جەزیریدا

بوونی مەقامە جیاجیاکانی سالیک لە شیعرەکانی مەلای جەزیردا، ڕووبەرێکی فراوانی داگیرکردووە، ئەو مەقامانەش لە سنووری ڕەنگدانەوەن لە شیعرەکاندا، کە لەو خودیەتە سالیکەی مەلای جەزیریدا بەرجەستەکراوە، کە لە دەقە شیعرییەکاندا بوونی هەیە، دوور لە مێژووی ژیان و ڕەهەندی بایۆگرافیی مەلای جەزیری، بە تیشک خستنەسەر ئەو جەزیرییەی لە شیعرەکاندا گوزارشتی لێکراوە، خۆی لە جەزیرییەکی عاشق و سالیکی ڕێگای عەشقی حەقیقی دەبینێتەوە، کە لەناو مەقامەکاندا

تـواوەتەوە، ئەم عەشـقە حەقیقییە بە عەشـقی مەجازی و ڕەهەنـدی مـادی داپۆشراوە و ئاوێتەی یەکتری بوون، شـاعیر دەیەوێت لە ڕێگەی وێنەی بەرجەسـتە و مەقـامی مەجـازییەوە بـڕوات بـۆ ئامـانجە عیرفـانییەکەی، کە ڕێگەی خوایە. شـاعیر لە ئەنجامی بیرکـردنەوە و تێڕامـان و تـوانەوەی لە مەخلـوقەوە لە جـوانی و گەورەیـی خـالیق دەگـات و هەسـت بە چەشـتنی عەشقی ئەو خالیقە دەکات، ئەم باوەڕ و ڕێگەیەی مەلای جەزیری خۆی لە یەکێتیی بووندا (وحدە الوجود) دەبینێتەوە، (یەکێتیی بـوون ئەوە دەگەیەنـێ کە بـوونی خـوا بـوونێکی مـوتڵەقە و هەمـوو بوونەکـان و مەخلوقەکـان لە گەردوونـدا ڕەنگـدانەوەی ئەو بـوونە خـالیقەن) (میراودەلـی، ١٩٧٩، ل٣٥). هەر مادەیەک یان هەر مەخلووقێک دەکرێت ببێتە ئاوێنەی پەروەردگار و مـرۆڤ دەتـوانی لە تێڕامـانی لەو خـاڵەوە دەسـت پـێ بکـات و بگـاتە (عـین الیقـین)، بـۆیە دونیـای مەجـازی هۆکـارێکە بـۆ ئەوەی سـالیک بە ڕێگەی مەقامەکاندا ببات بۆ لای خوا، کە خـالیقی مـوتڵەقە، واتە (تیـۆری یەکێتیی بـوون، کە بە سـەرەکیترین و پـڕ جەنجـاڵترین تیۆرەکـانی هـزری عیرفـانی دادەنرێـت و بیـرورِا و بۆچوونەکـان دەربـارەی هەبـوون و مـرۆڤ و سروشـت دەستنیشـاندەکات، ئامـادەیی هەیە لە ڕامانەکـانی جەزیـری و بە چەندین شێواز لە شیعرەکانیدا دەردەکەوێت) (مەحموود، ٢٠١٤، ل١٣١).

لە شـیعرەکانی مەلای جەزیریـدا سـالیکێک دەبینـین، کە لەو ڕێـگەیەوە هەنگاو بۆ لای خوای گەورە دەنێت، دونیای مەجازی و بوونی شـتەکان و خۆشەویستی و جوانیی یار وەک توونێلێک ڕۆڵ دەبینین لەو سـەرەوە بە نـوور و عەشـقی خوامـان دەگەیەنێـت، لەنـاو ئەوانەدا نـوور و جـوانی و توانـای خـوای گەورە هەیە بە جـوزئی و تـواوەیی ئینجـا ئەگەر مـرۆڤ هەسـت بەو بەشـە نـوور و جـوانیی خـواییە نەکـات لەنـاو شـتەکاندا، ئەوا عەشـقی خـوای گەورە کێشـی ناکـات و ناگـاتە مەقـامی عبـودیەت و "عـین الیقین". لەسەر ئەو بنەمایەی خرایەڕوو مەقامە جۆراوجۆرەکانی سالیک لە

نـــاوەڕۆکی شـــیعرەکانی مەلای جەزیریـــدا ڕەنگـــدانەوەیان هەیە، بەڵام چۆنیەتی و چەندیەتی و ڕێزبەندیی مەقامەکان ئەوا پەیوەستە سروشتی ئەو ســالیکییەی لە شـیعرەکانی مەلای جەزیـری وێنەکـراوە. لێـرەدا، بە نموونەی شیعرییەوە ئاماژە بە چەند مەقامێک دەکەین، کە لەو جەزیرییە سالیکەدا تێبینی دەکرێت، کە لە دەقە شیعرییەکاندا بوونی هەیە.

**یەکەم:. مەقامی تەوبە**

مەقـامی تەوبە پلیکـانەی یەکەمە لە جیهـانی سـۆفیگەرییدا، کە تێیـدا سـۆفیگەر بڕیـار و پەیمـان دەدات واز لە هەمـوو ئەو گونـاه و تاوانـانە بهێنێت، کە خوای گەورە داوای کردووە، بەندە خۆی لێی بپارێزێت و بە هەموو شێوەیەک لێی دوور کەوێتەوە، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا لە چەنــدین ئایەتــدا، باســی گەورەیــی مەقــامی تەوبە دەکــات. داوای تەوبەکردن لە خەڵک دەکات ئەو مەقامەی بە کلیلی نەجات و سەرکەوتن دانــاوە، بەڵام تەوبەیەک جـارێکی تـر گەڕانەوە بـۆ گونـاه و تـاوانی لە دوادانەبێت، هەروەکو دەفەرموێت: (**یا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا تُوبُوا إِلَى اللَّهِ تَوْبَةً نَّصُوحًا**)(سورەتی تەحریم، ئایەتی ٨). هەروەها دەفەرموێت: (**وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًـا أَيُّــهَ الْمُؤْمِنُـونَ لَعَلَّكُـمْ تُفْلِحُـونَ**)(ســورەتی نــوور، ئــایەتی ٣١). لەم ئایەتانەی، کە خوای گەورە باسی مەقامی تەوبەمان بۆ دەکات، ئەوەمان بـــۆ دەردەکەوێـــت، کە ســـەرکەوتن و بەدەســـتهێنانی ڕەزامەنـــدی و مەقامەکانی تر و مەقام و مەنزیلەی ڕۆژی دواییش بەو مەقامە پەیوەستە. بە هەمـان شـێوە پێغەمـبەریش دروودی خـوای لەسـەر بێت ئامـاژەی بە گەورەیی و بەرزیی ئەو مەقامە کردووە، کاتێک دەفەرموێت: (**كل بني آدم خطـاء وخـير الخطّـائين التوابـون**)(ترمـزی، بە ژمـارە ٢٤٩٩). تەوبەکـردن، کە بریتییە لە پەشیمانبوونەوە لە ئەنجامدانی کارێکی ناپەسەند، کە شکاندنی فرمـــانی خـــوای لەگەڵـــدایە، بەهـــۆیەوە بەنـــدە دەســـت دەکـــات بە

سەرزەنشتکردنی نەفس و هەوڵدان بۆ لاوازکردنی نەفسی شەیتانی (النفس لأماره بالسوو)، بەمەش بەندە واز لە تاوان دەهێنێت و جارێکی تر دووبارەی ناکاتەوە، ئیتر قووڵبوونەوە و بەردەوامی لەسەر ئەم تەوبەیە بەندە بۆ لای مەقامی تر بەرز دەکاتەوە.

مەلای جەزیری لە چەندین شوێندا ئاماژە بەو مەقامە دەکات، کە سالیک لە دەسپێکدا پێویستە تەوبە بکات و خۆی لە تاریکی و ژەنگی گوناە و تاوان بشواتەوە، چونکە ناکرێت لەژێر باری تاواندا بیت و سەرپێچیی فرمانەکانی خوای گەورە بکەیت و هەنگاویش بۆ حەقی ئیلاهی بهاوێیت. هەر وەکو لەم دێڕەدا دەڵێت:

نەوایا موتریب و چەنگێ فەغان ئاڤێتە خەرچەنگێ

وەرە ساقی حەتا کەنگێ نەشوویین دل ژڤێ ژەنگێ

جەزیری دیوان، ل١

لێرەدا مەلای جەزیری لە دەسپێکی ڕێگەی عەشقدا باسی ئەو مەقامە دەکات کاتێک دەڵێت: (وەرە ساقی حەتا کەنگێ نەشوویین دل ژڤێ ژەنگێ)، مەبەستی مەلای جەزیری ئەوەیە، کە پێمان بڵێت پێویستە لە هەنگاوی یەکەمدا بە چەشتنی پیاڵەی تەوبە دڵ و دەروون لە ژەنگی گوناە و تاوان خاوێن بکەینەوە، ئینجا دڵ ئامادەباشیی خۆی بۆ ڕۆیشتن بە ڕێگەی سۆفیگەری وەردەگرێت، تا دڵ غوسلی گوناە و تاوان لە خۆی دەرنەکات و خۆی لە پیسییەکان پاک نەکاتەوە، هەرگیز نووری خوای ناگاتێ، ئەمەش بە تەوبەکردن دەکرێت، هەروەکو دەڵێت:

شەمعێ سەر نوور نادرت گەر ئەو نەکت پەرهێزی دل

زەوقـــی جامـــا عیشـــقێ نـــاکەت گەر نەکـــت ئیمســـاکێ رووح

جەزیری، دیوان، ل٢١٩

مەبەستی مەلای جەزیری ئەوەیە، ئەگەر مرۆڤ لەسەر سەرپێچی و تاوان بەردەوام بێت ڕۆژی عیرفانی لێ هەڵنایەت، هەر وەکو لە واتای ئەم دێڕە ئاماژە بەوەکراوە، کە (مۆم ئەگەر لە ناوەرۆکدا پیس و خۆڵاوی بێت، هەڵنایێ و ڕووناکی نادات. ڕێڕەوی ڕێگەی عیرفانیش هەر وەهایە، ئەگەر بە دڵ پارێز لە خڵت و خاشی دونیا نەکا، هەرگیز ڕووناکی جوانیی خودا لە سەری خۆیدا نابینێ، هەتا عارف لە هەموو لەزەت و خۆشییان دوور نەگرێ و لەم دونیایە واز نەهێنێ، لە بادەی ئەوینی خودا چێژ ناکات) (مەلای جزیری، دیوان، ل٢١٩). سالیک لەو ڕێگەیەدا پێویستە گوناه و تاوان و حەز و ئارەزووەکان بە خڵت و تاریکی و ژەنگی پیس لە قەڵەم بدات، کە دەبنە پەردە لەسەر دڵ و دەروونی و ڕێگری دەکەن، لە بەرەوپێشچوونی ئەم بەربەستەش لە مەقامی تەوبە تێکدەشکێنرێت، کە تێیدا سالیک دەستبەرداری خۆشیی خۆی دەبێت لە پێناو ئامانجێکی گەورەتردا، کە گەیشتن بە مەقامەکانی تر. هەر وەکو لەم دێڕەدا دەڵێت:

دل ب تایەک نێرگزان دە نازکەک تەروندە دە

گول دکن تەشبیهێ خاران هەر خەس و خاشاکێ رووح

جامێ عیشقی پاکێ رووحانی تەهوورا باتینە

ئـــێ نەنووشـــی هەروەهـــا حەتتـــا ئەبەد ناپـــاکێ رووح

جەزیری، دیوان، ل٢١٩- ٢٢٠

لەم  دێڕانەدا، مەلای جەزیری پراکتیکیانە باسی کاریگەری و بەهای مەقامی تەوبەمان بۆ دەکات، کە بریتییە لە تەرکی سەرپێچی و وازهێنان لەو حەز و ئارەزووانەی لە نەفسی (لأمارة بالسوء)ەوە سەرچاوەی گرتووە، بەم جۆرە دڵ و دەروون پاک دەبێتەوە و سالیک ئامادە دەبێت بۆ خۆشەویستیی یارێکی پاک و بێگەرد، کە مەبەستی خوایە، عەشقی ئیلاهی لە قۆناغی یەکەمدا مرۆڤ بەرەو گەڕانەوە و تەوبەکردنێک دەبات، بە جۆرێک هەرچی پیسی و تاریکیی ڕووحی هەیە ڕایدەماڵێت. هەر کەسێکیش لەو جامە نەخواتەوە، هەرچەندە هەوڵبدات ناتوانێت لە پیسی و تاریکی دەربچێت. مەقامی تەوبە بەخشێکە خوا بەهۆی ڕووداوێکەوە بە بەندەکانی دەبەخشێت، لەو مەقامەدا بەندە بۆ درێژەی ڕێگەی سۆفیگەری ئامادە دەکرێت و ئەمە وێستگەی یەکەمە پێش ئەم وێستگەیە مرۆڤ مەستی گوناه و تاوان بووە بەکاری سەرپێچییەوە سەرقاڵە، لەم مەقامە مرۆڤ ناسنامەی سالیک وەردەگرێت بەهۆی ئەو پاکبوونەوەیەی بەسەر دڵ و دەروونیدا دێت. هەر وەکو مەلای جەزیری دەڵێت:

تەشبیهێ ب جەدوەل مە د نیڤ ئاتەشێ عیشقێ

دل قەلبێ حەقیقەت بت و ئیکسیرێ هەما گرت

جەزیری، دیوان، ل١٤٢

مەلای جەزیری ئاماژە بەوە دەکات، کە پێش بەخششی خوای گەورە دڵی وەکو مسی ژەنگاوی بووە بەهۆی گوناه و تاوانەوە ڕەش هەڵگەڕابوو، بەڵام لە مەقامە و لەگەڵ بەخششی خوای گەورە ئەم دڵە ژەنگاوییەوە وەک زێڕی ساف و بێگەردی لێهات، تەوبە وەک مادەی ئیکسیر دڵی پیسی گۆڕی بۆ زێڕێکی پاک و بە حەقیقەتی ئاشناکرد.

ئیتر مەلای جەزیری لە چەندین شیعر و دێڕە شیعر و وێنەی تردا، باسی کاریگەری و گرنگیی مەقامی تەوبەی کردووە، کە مەقامێکە وەک کانیاوێک ڕۆڵ دەبینێت، دڵی مرۆڤەکانی تێدا دەشۆرێتەوە و بە جۆرێک بەردەوامبوون و مانەوە لەو مەقامە مرۆڤ دەکات بە سالیک و بە خۆشەویستی و عەشقی حەقیقی دەگەینێت، بەمەش دەرگای مەقامی تری بۆ دەکرێتەوە، ئیستیقامەی ڕۆیشتنی پێ دەبەخشێت لە ڕێگەی ئەو عەشقە ئیلاهییەدا.

## دووەم: مەقامی پشتبەستن بەخوا (التوکل)

پشتبەستن بەخوا یەکێکە لە مەقامەکانی سالیک، کە سالیک لەم مەقامەدا دەگاتە ئەو قەناعەتە ڕووحییەی، کە هەموو ڕووداوێک نهێنی بێت یان ئاشکرا یاخود هەر شتێکی بچووک بێت یان گەورە ئەوا بە دەستی خوای گەورەیە، بە ڕەهایی ئەو باوەڕەی بۆ دروست دەبێت، کە هیچ شتێک لە دەستی خوا دەرناچێت، لەسەر ئەو بنەمایە خوای گەورە دەکات بە وەکیل و لە هەموو شتێکدا بە یەقینەوە پشت بەم وەکیلە دەبەستێت، (تەوەککول کردنە وەکیل و نوێنەر، یان چارەنووسی خۆدانەدەستی کەسێک، بێگومان لێرەدا مەبەست ئەوەتە بەهۆی خواپەرستی و لە خواترسییەوە مرۆڤ بگاتە ئەو قەناعەتەی، کە چارەنووسی هەردوو جیهانی خۆی بداتە دەستی خوا، و جگە لە خوا پشت بە هیچ کەسی تر نەبەستێت، دیارە هەروا بە سادەیی مرۆڤ وای لێ نایەت باوەڕی بێتە سەر ئەوەی، کە چارەنووسی خۆی لە ژیانا بداتە دەست خوا) (ئەمین نەقشەبەندی، ل٢٢٢). هەر کاتێک سالیک توانی بگاتە ئەو مەقامە، ئەوا جارێکی تر خۆشەویستیی خوا بەهۆی ئەو مەقامەوە بەدەست دێنێت، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: (**إِنَّ اللَّـهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ**) (سورەتی ئالی عیمران، ئایەتی، ١٥٩). هەروەها خوای گەورە لە

چەندین ئایەتی تردا باسی گەورەیی و بەرزیی ئەو مەقامە دەکات ئەوە دەخاتەڕوو ئەو بەندانەی تەوەککولیان بە خوایە ئەوا خودا مژدەی سەرکەوتنیان پێ دەبەخشێت، خودی مەقامی تەوەککولیش سێ پلەی هەن. یەکەم، ئەوەیە بەندە باوەڕی تەوای بەخوا هەبێت، کە وەکیلی حەقیقییە. پلەی دووەم ئەوەیە، کە بەندە لە بەرانبەر وەکیلی خودادا وەک منداڵێکی ساوا بێت بەرانبەر بە دایکی، چۆن منداڵ جگە لە دایکی کەس ناناسێت ئەویش بە هەمان شێوە بێت. پلەی سێیەم، بەرزترین پلەیە و ئەوە لەناو جیهانی سۆفیگەریدا بوونی هەیە سالیک لێرەدا وەک مردوو دەبێت لەبن دەستی مردوو شۆردا، بە موتڵەقی خۆی داوەتە دەست خوا (تەوەککولی، ٢٠١٥، ل٨٦-٨٧). سالیک لە مەقامی تەوەککولدا، چاوی دڵی تەنیا خوا وەک یارمەتیدەر و پشتیوان دەبینێت، بۆیە لەو مەقامەدا سالیک بەرانبەر بە ڕووداو و کارەسات و زوڵم و کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان هێز و ئازایەتی و چاونەترسییەکی زۆر پەیدادەکات، چونکە دەزانێ کە پشتیوان خوا بێت هیچ شتێک زیانی پێ ناگەیەنێت، هەر وەکو پێغەمبەر ئیبراهیم کاتێک لەناو مەنجەنیقی ئاگریان نا تەوەککولی موتڵەقی بەخوا هەبوو بۆیە زۆر ئازا و بێباکانە چووە ناو ئاگرەکەوە، هەموو داواکارییەکی ڕەتکردەوە و تەنیا پشتی بەخوا بەست و ئەنجامی ئەو تەوەککولەش ڕزگاربوون بوو بە موعجیزەیەکی زۆر گەورە.

مەلای جەزیری دۆخ و ژینگەی ئەو مەقامی تەوەککولەمان لە چەندین شیعر و وێنەیی شیعری بۆ دەخاتەڕوو، کە ئەگەر خوای گەورە وەکیل و پشتیوان بێت ئەوا هەموو کارێک بەجێیە و دڵ لەناو دڵنیاییەکی گەورەدا دەژییێت، بەڵام بە پێچەوانەوە، بەبێ پشتیوانیی خوا، هەرچەند مرۆڤ خۆی ماندوو بکات، ئاستەمە بگاتە ئامانجی خۆی، ئەگەر هێز و یارمەتی و یاوەریی خوا نەبێت مرۆڤ هیچی بۆ ناکرێت، هەر وەکو دەڵێت:

کەس ب دادا مە نەپرسیت گلە و داد چ کت؟

تا

فاعیلەک لازمەدا فیعل و ئەسەر پەیدا بت

گەر تو حەدداد نەبت کوورەیێ حەدداد چ کت؟

جەزیری، دیوان، ل١٥٨ ـ ١٥٩

مەلای جەزیری ئەوەمان نیشاندەدات، ئەگەر خوا نەبێتە یاوەر و فریادڕەسمان ئەوا هاوارکردن بێهودیە، بێ وەکالەتی خوای گەورە وزە و توانای مرۆڤ هیچی بۆ ناکرێت، بەهێزی بازوو نییە، فەرهاد ئەگەر بەقەد ڕۆستەمیش هێز و توانای هەبوایە هێشتا دەستی بە شیرین نەدەگەیشت مادام ویست و پشتیوانیی خوای لەگەڵدا نییە. (شاعیر دەیەوێت تێمان بگەیەنێ، کە ئەگەر دەڵێ: "تا خوا نەیدا زۆری بازوو بەکار نایە"، مانای وانییە تۆ هیچ نەکەی خوا دەیدات، نەخێر ئەشێ تۆ زۆر تەقەلا بدەی و هەموو هێزی خۆت بۆ بەدیهێنانی ئاواتت بخیتەکار ئەوسا چاوەڕوانی بەزەیی خوا بی، کە بە ئاواتت بگەیەنێ، واتە دەبێ کارکەرێک هەبێ تا کار و کردەوەی بێتە بەرچاو، ئەگەر هیچ ئاسنگەرێک نەبێت کە ئاسن بوکتێ و بیکاتە ئامراز تەنیا کورەی ئاسنگەر چی پێ دەکرێ؟) ( جەزیری، دیوان، ١٥٩)، لێرەدا مەلای جەزیری شێوازی تەوەککول ڕووندەکاتەوە، کە نابێت تەوەککول بەخوا مرۆڤ لە هەوڵ و کۆشش بخات، بەڵکو ئەمە دەچێتە بابی بەهەڵە تەفسیرکردنی چەمکی تەوەککول. هەر وەکو دەڵێت:

مومکینەک دێ هەبتن داکوو تەلەب حاسل بت

سەید و نچیر کو نەبیت توولەیێ سەییاد چ کت؟

هەر گل سەنگ دبتن زێڕ ب تەدبیری حەکیم

قابیلییەت کو نەبت حیکمەتێ ئوستاد چ کت؟

جەزیری، دیوان، ل١٥٩ ـ ١٦٠

لێرەدا مەلای جەزیری دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت، کە ڕاستە مرۆڤ دەبێت تەوەککولی بەخوا هەبێت، بەڵام بۆ تەحقیق بوونی ئەم تەوەککولە پێویستی بە هۆکارەکان هەیە، بۆ نموونە زانایی و حیکمەتیی مامۆستا و کەرەستە و مادەکانی تر. هەروەها تەسلیمکردنی ئیرادە بە خوا و پشتبەستن پێی دوای چەند هەنگاوێک دێت، بۆیە لێرەدا مەلای جەزیری باس لە هەنگاوەکانی تەوەککول دەکات، بەوەی دەبێت مرۆڤ خوای خۆی بناسێت و ئومێد و تەوککولی هەر بەو بێت، بە بێپشتیوانیی خوا مرۆڤ لە هیچ کارێکدا سەرکەوتن بەدەستناهێنێت، دەبێت باوەڕەکە هەبێت و خۆشی بە شێوازی جۆراوجۆر هەوڵبدات و ئینجا پەنا بەخوا بگرێت. هەر وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: (**وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ**) (سورەتی ئالی عیمران، ئایەتی، ١٥٩). لەم چەند دێڕە شیعرانەدا مەلای جەزیری دەیەوێت بە چەند وێنەیەکی شیعری قۆناغ و شێوازی تەوەککول و مەقامی تەوککومان بۆ بخاتەڕوو، ئەو مەقامەی سالیک خۆشەویستیی خوا و یارمەتیی خوای تێدا بەدەستدێنێت. ئەگەر خواش خۆشەویست و یاوەرت بێت ئەوا پشتیوان و وەکیلیشە، بەمەش دەبێت دڵنیایی و ئاسایشی موتەڵەق لە دڵی سالیکدا هەبێت.

## سێیەم: مەقامی ترس و ئومێد (خوف و رجاء)

مەقامی ترس و ڕەجا دوو مەقامن هاوکات بەسەریەکەون و لە ڕووی پلەبەندییەوە بەسەر یەکەون، ئەم دوو مەقامە تەواوکەری یەکترن و هاوسەنگی بۆ حاڵ و دونیابینی و ژیانی سۆفیگەری دروست دەکەن و

بەردەوامی بە ڕۆیشتنی سالیک دەدەن لە ڕێگەی خودادا، مەقامی ترس خۆی لە ترس لە خوا دەبینێتەوە لە بەرانبەریشدا مەقامی ئومێد خۆی لە هیوابوون بە بەزەیی خوا دەبینێتەوە. بۆیە مەقامی ڕەجا دوای مەقامی ترس دێت و حیکمەتی خوا لەوەدایە، کە ترس و ڕەجای خستووەتە دڵی سالیکەوە تا بە تێکەڵبوونی هەردووکیان جۆرە میانڕەوییەک پەیدا ببێ و میزاجی باوەڕی ڕاست و ڕەوان بێت، چونکە ئەگەر کێشی ترسی مرۆڤ و ڕەجایەکەی بکێشرێت و یەکسان بێت ئەوا هاوسەنگی دروست دەبێت. (شوان،٢٠١٠، ل١٦٢). دیارە ئەم دوو مەقامەش لەناو سیفاتی خوای گەورەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە خوای گەورە کە لە لایەک ودود و ڕەحمان و ڕەحیمە، لە هەمان کاتدا جەبار و قەهار و قادریشە، (دڵ لە ڕۆیشتنی بەرەو خوا وەک باڵندەیەک وایە، خۆشەویستی بریتییە لە سەری باڵندەکە، ترس و ڕەجا بریتین لە دوو باڵەکەی هەر کات سەر و هەردوو باڵەکەی سەلامەت بن ئەوا باڵندەکە بە باشی دەتوانێت بفڕێت، هەر کات سەری لێکرایەوە دەمرێت، هەر بەو جۆرە ئەگەر باڵەکانی لەدەستدا ڕووبەڕووی ڕاوچیی دڕندە دەبێتەوە، بەڵام پێشین پێیان باشبووە باڵی ترس بەهێزتر بێت لە باڵی ڕەجا، لە کاتی دەرچوون لە دونیا باڵی ڕەجا بەهێزتر بێت لە ترس) (ئیبن قەیمی جەوزی، ٢٠١٥، ل٤٣٣) ئیتر سالیک هەمیشە بەهۆی ئەم توانا و سیفەتانەی خوای گەورە لە مەقامی ترس و ئومێددا دەژییێت.

١. مەقامی ترس بریتییە لە هۆشیاریی دڵ و بەردەوام لەبەرچاوبوونی ئەو ناو و سیفەتانەی خوای گەورە، کە ئاماژە بە سزا و لێ پێچینەوە دەکات، ئەم هۆشیارە، کاروکردەوە و ئاخاوتنی سالیک کۆنترۆڵ دەکات، لە هەر هەنگاوێک و ئاخاوتنێکدا سالیک ڕەچاوی ئەو ترسە دەکات لە خوای گەورە، ئەگەر سالیک کەوتە ناو مەقامی ترس لە خواوە، ئەوا نابێت لە هیچ شتێکی تر بترسێت، چونکە ترسان لە غەیری

خوا ئەوا جارێکی تر سالیک لە مەقامی ترس دوور دەکاتەوە، بەمەش لە خوا دوور دەکەوێتەوە، مرۆڤ تا لە خوا بترسێت لە مەقامی قەریب نزیک دەبێتەوە، واتە لە خوا نزیکتر دەبێتەوە، ئیبن قەیمی جەوزی دەڵێت: ترس لە بەرزترین مەقامەکانی ڕێگەی سالیکە بەسودترینییانە بۆ دڵ، ترس شڵەژان و جووڵەی دڵە لە یادکردنەوەی ئەوەی لێی دەترسێت، هەروەها ئاماژەی بە چەند جۆرە ترسێک کردووە وەک: "ترسی پێشبینی، ترسی شڵەژان، ترسی هەستکردن و لەرزین، ترسی بەمەزن زانین، ترسی ستایشکراو"، هەریەکە لەم ترسانە پێناسەی خۆی هەیە و لەسەر بەندە فەرزی کردووە. (ئیبن قەیمی جەوزی، ل٣٢٩ـ ٣٣٥). سالیک پێویستە لە هەموو کات و دۆخ و شوێنێکدا ئەو ترسانەی لە دڵدا بێت، چونکە ئەنجامی بەردەوامی ترس و بوونی ئەو ترسانە دەرگای مەقامی تر بە ڕووی سالیکدا دەکاتەوە.

مەلای جەزیری بەر لە هەموو شتێک وەک موسوڵمانێک، کە باوەڕی بە سزای خوای گەورە هەیە دەبینین ترسی سزا، کە پلەی یەکەمی ترسە لە دڵیدا هەیە، دواتر سالیکانە ترسی خوا لە دڵیدا بوونی هەیە، هەر تەنیا لەبەر هۆکاری سزادان نا بەڵکو لەبەر خودی خوا و عەشقی خوا ئەو ترسە لە دڵیدا بوونی هەیە، کە ترسێکی عیرفانییە و سەرچاوەکەی لە عەشق و خۆشەویستییەوە سەرچاوە دەگرێت، دڵ و دەروونی عاشق پڕیەتی لە هەست و حاڵەتی هاودژ بۆ نموونە لەگەڵ ئەوەی ترس و دڵەڕاوکێی هەیە هاوکات خۆشەویستی و ئومێدیشی هەیە، لە شیعرەکانی مەلای جەزیری هاوکاتی ئەو خۆشەویستییە قوڵەی هەیەتی ئەو ترس و غەم و دڵەڕاوکێیەش بەدی دەکرێت، بۆ نموونە مەلای جەزیری دەڵێت:

دڤێ تاقێ، دڤێ خانێ مە عیش و ئەیمەنێ کانێ

کەسێ دەست دەت ژ دەورانێ نیهالەک ڤێ گوڵستانێ

در أغوشش چو می ارد که از دل جانش بسپارد

"جـــــرس فریـــــاد مــــــی دارد که بربندیــــــد محمـــــل هــــــا"

جەزیری، دیوان، ل٣

لێـرەدا مەلای جەزیـری بـاس لەوە دەکـات، کە لەم دونیـایە کاتییەدا، ژیانێکی بێترس و بیم دەست ناکەوێت، عاشق و پیاوانی ڕێگە هەرچەند هەوڵبدەن بۆ دوورکەوتنەوە لەو ترس و بیمە و دەستیان بە خۆشی و دڵنیایی و تازە نەمامێک بگات و ئۆقرە بگرن، کە چی کت و پڕ جاڕی مەرگ لێدەدات و دەڵێت وادەی مردنتانە و هەستن بارگەی ژیانتان بپێچنەوە، دیارە دوای مەرگیش جیهانی بەرزەخ و ڕۆژی لێپێچینەوە دێتە پێشـەوە، ترسـی گەورەی ئیمانـداریش لەو ڕۆژە لەبەر ئەو سـزایەیە، کە خـوای گەورە لە قورئانـدا لە چەنـدین سـورەت و ئایەتـدا ئامـاژەی پـێ کردووە. کاتێک مەلای جەزیری باسی مەرگ و بارگەپێچانەوە دەکات، لە ڕوانگەی ئاینەوە مەرگ دەروازەیە بۆ جیهانێکی تر، بێ ڕۆژی دوای و دوور لەو لێپێچینەوە و سزایە شتێکی بۆ نامێنێتەوە، بۆیە مرۆڤ کاتێک دەمرێت تەنیا بارگەی کردەوەکانی خۆی لەگەڵ خۆی دەبات، ئەوە دەبێتە هۆی سزا یان ڕزگاربوونی لە ڕۆژی دوایی. هەروەها مەلای جەزیری لە دێریکی تردا باس لە مەنزیڵەی ترس لە خوا دەکات، کاتێک دەڵێت:

تورکی خونریز و خوماریٚ مە ب یەک غەمزەیەکیٚ

زوهدیٚ چل ساڵە ل من زیر و زەبەر کر ژ ئەساس

جەزیری، دیوان، ل٣١٥

مەلای جەزیری لەم دێڕە شیعرەدا ئەوەمان پێ دەڵێت، کە سالیک نابێت هەر تەنیا پێی وابێت هەمیشە یار، کە خودایە لە باری بەزەیدایە،

چونکە خوا لەگەڵ ئەو دلۆڤانی و بەزەییەش تورەیی و قەهریشی لە لایە، لەوانەیە هەموو ژیانت لە خواپەرستی بەرێ بکەی بەڵام دواجار بەر تووڕەیی خوای گەورە بکەویت، ئەو خوایەی، کە بۆ پێغەمبەر "لووت" بەخشندە و بە بەزەییە بەڵام لە هەمان کاتدا بۆ گەلەکەی قەهارە و توڕەییی خۆی بەسەردا باراندن. (جەزیری، دیوان، ٣١٦). ئیتر لای مەلای جەزیری ئەم ترسە و جۆرەکانی تری ترس، کە لە عەشق و خۆشەویستیی یارەکەیەوە، کە خوایە سەرچاوە دەگرێت بوونێکی بەردەوامی هەیە، لە دڵی مەلای جەزیری، کە لە شیعرەکانیدا بەرجەستەکراوە، بە جۆرێک ئەم ترسە قووڵبووەتەوە و دۆخ و مەقامی ترسی بە کەسایەتیی سالیکی مەلای جەزیری بەخشیوە. لە هەمان کاتدا لەگەڵ بوونی ئەم ترسە مەلای جەزیری غەرقی هیوا و ئومێدیشە بە بەزەیی و میهرەبانی خوای گەورە، لێرەشەوە مەقامی ڕەجا دێتە پێشەوە.

٢. مەقامی ڕەجا ئەو مەقامەیە، کە خۆی لە تکاو ئومێد بە بەزەیی و بەخشندەیی خوای گەورە دەبینێتەوە، وەک پلیکانەیەک ڕاستەوخۆ دوای مەقام و پلیکانەی ترس دێت، ئەویش ئەوەیە بەندە سەرەڕای ئەو ترسەی هەیەتی لە خوای گەورە، دەبێت باوەڕی بە بەزەیی و بەخشندەیی خوای گەورەش هەبێت. بە جۆرێک، کە دەبێت باوەڕی یەقینی بەوە هەبێت، کەوا بەزەیی و بەخشندەیی خوای گەورە نەجاتی دەدات لە هەردوو دونیادا، نەک کار و کردەوەکانی خۆی. مەقامی ڕەجا ڕووناکی و هیوا و گەشبینی دەخاتە دڵی سالیکەوە ڕێگە بەوە نادات، کە بە شێوەیەکی نەرێنی ترس زاڵبێت و بەندە دووچاری بێهیوایی و ڕەشبینی بکات و دەستبەرداری هەوڵ و کۆششەکانی بێت، چونکە بەپێی ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت سۆز و بەزەیی و میهرەبانیی خوای گەورە هێندە زۆرە هەموو شتێکی داپۆشیوە، ئیتر سالیک لەسەر ئەوە هیوا هەڵدەچنێت، دەیەوێت بە جۆرێک بژیێت و

بجـولێتەوە، کە شایســتەی ئەم ســۆز و میهرەبــانەیەی خــوا بێــت و ئەو ڕەحمەتە ئەویش بگرێتەوە.

ســوودی مەقــامی ڕەجــا لە ڕێـگەی سـۆفیگەریدا ئەوەیە، کە گەرمیـی تـرس دادەبەزێنـێ و بەرەو گومـانی چـاکی دەبـات و پەیوەنـدی بە خـواوە بەهێــز دەکــات. ڕەجــا کــراوەتە ســێ بەشــەوە: یەکەم، دەبێــتە هــۆی کۆششـکردن لە لای سـۆفی و ئومێدی بە لێبـوردن بەهێز دەکـات. دووەم، دەبێـتە هـۆی وازهێنـان لە چێـژی نەفـس و پابەنـد بـوون بە شـەریعەت. ســێیەمیش، ڕەجــای گەیشــتن بە حەق (شــوان، ل١٦٣). ئەو مەقــامە لە سـالیکدا هۆکـارێکە بۆ نزیـک خسـتنەوەی بەنـدە لە خـوای گەورە و هێزی بەردەوامبوون بە سالیک دەدات بەوەی دەرگای مەقامی تری لەسـەر والا دەکات.

مەقامی ڕەجا لە کەسایەتیی سالیک ئاسای مەلای جەزیری شوێنێکی زۆری داگیـر کـردووە بـۆیە زۆر بە فراوانـی لە دەقە شـیعرەکانیدا ڕەنگـی داوەتەوە، مەلای جەزیــری ئەو عەشــقە قــوڵەی خــۆی لەســەر ئومێـد و هیوابوون بە خوای گەورە بیناکردووە، پێیوایە بەزەیی و میهرەبانیی خوا خـۆڕاگری و هێـزی بەردەوامبـوونی لەو عەشـقە پێدەبەخشـێت و هەر ئەو میهرەبانییەشــە بە ئامــانج و مەقــامی وەســڵی دەگەیەنێــت، هەروەک لەم نموونانەی خوارەوە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کاتێک دەڵێت:

غەرقێ دەریایێ گوناهین تەشنەیێ لوتفا حەقین

رەحمەتێ ئاموزگار و شەفقەیێ غەففار بەس

مەلای جەزیری دیوان، ل ٣٢١

لێرەدا مەلای جەزیری خۆی ئەوەی خستووتەڕوو، کە لە دەریای گوناه و تاوانی خۆی نقووم بووە و لە دەست تاوان و خراپەکانی خۆی بێئومێد بووە و دەڵێت پێویستیم بە دڵنەواییی خوای گەورە هەیە بۆ ڕزگار بوون لەم غەرقبوونە، بۆ ئەمەش ڕەحم و غەفاری خودا بەسە بۆ من، مەلای جەزیری لەم مەقامەدا دەیەوێت بێئومێدیی خۆی لە هەوڵ و کۆشش و گوناهەکانی خۆی دەربڕێت، لە هەمان کاتدا ئومێد بە سۆز و بەزەیی و میهرەبانی خوا لە دڵیدا زیندوو دەکاتەوە و دەیەوێت لەو دەروازەوە ئامانجی سۆفیگەریانەی خۆی بپێکێت. لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

"کل یوم هو فی شأن" نەبی غافلێ ژێ

هەر پەیاپەی ژ شئونان دکرت فەیز و مەدەد

مەلای جەزیری دیوان، ل٢٥٤

مەلای جەزیری دەیەوێت ئەوە بە خودە سالیکەکەی بڵێت: کە پێویستە تەنیا ئومێدت بە بەزەییی خوا هەبێت هەرچیت دەوێت لە خوا داوایبکە، چونکە هەر ئەو شایستەیە و هاریکاری بەندەکانە و خاوەنی توانا و بەزەییی بێبڕانەوەیە، هەرچی لە ئاسمان و زەویدا هەیە تکا لە خوا دەکات بۆ پێویستییەکانیان، خوا هەموو ڕۆژی لە ئەنجامدانی کار دایە. بۆیە تکا لە خوا دەکات، کە هەر چۆنێک بێت شایستەی دەرگای سۆز و میهرەبانیی خوای گەورە بێت، هەروەک دەڵێت:

کو توولێ ئاستانێ دوور نە کی ئیدی ژ دەرگاهێ

ژ با خۆی ڤێ ڕەجوو ناکین د با بێ لوتف و ڕەحمێدا

مەلای جەزیری دیوان، ل ٦٩

لێـرەدا مەلای جەزیـری داوای ئەوە لە خـوای گەورە دەکـات و لێـی دەپاڕێتەوە، کە هەرگیز لەبەر دەرگای خۆی دووری نەخاتەوە ئەو پلەیەی پـێ ببەخشـێت، کە شایسـتەی سـۆز و لـوتفی خـوا بێت، ئەگەر نـا بەنـدە هەرگیـز دوور لە میهرەبـانی و ڕەحمەتـی خـوا بە ئـاواتی ناگـات. لێـرەدا مەلای جەزیری دەیەوێت ئەو باوەڕە ئاینی و سۆفیگەرییەمان پێ بڵێت، کە خـوا بەخشش ـەکانی خـۆی لە بەرانـبەر خواپەرسـتی و هـیچ شـتێک بە بەنـدەکانی نـادات، تەنیـا ئەگەر بەزەیی بە کەسـێکدا هـاتەوە، ئەو دەرگـای بەزەیی و خێری خۆی لەسـەر دەکاتەوە. (مەلای جەزیری دیوان، ل٧٠). ئیتـر مەلای جەزیـری لە زۆر شـوێنی تـردا زۆر بە قووڵی و عاریفـانە بەو مەقـامە ڕوو دەچێت، بەوەی لە عەشـقدا عاشـق خۆشەویسـتەکەی بەلاوە پیرۆزە سەرچاوەی بوون و مانیەتی، بۆیە یار بە هەمـوو شـتەکانییەوە بە خۆشی و ناخۆشییەکانییەوە هەر مایەی خێر و ڕەحمەتە بۆ عاشـق، ئیتـر یـاری مەلای جەزیـری کە خـوایە سـەرچاوەی بەزەیـی و خێـرە، تەنـانەت ناخۆشـی و غەم و ئازارەکـانیش، کە لای خـواوە دێـن هەر بەزەیـی و ڕەحمەتـن، بەزەیـی و ڕەحـمەتەکەش لەوەدایە کە دەبێـتە هـۆی بەرزکردنەوەی پلە و پایەی عاشق کە مەلای جەزیرییە لای خوای گەورە.

**چوارەم: مەقامی دادگایی خود "محاسبە"**

مەقـامی موحاسـەبە بـریتییە لە خۆدادگـاییکردن و سەرزەنشـتکردنی خـود، کە لێـرەدا بەنـدە نەفسـی لـۆمەکەری بەسـەردا زاڵ دەبێـت، بە پشتبەستن بەو نەفسە سالیک خۆی سەرزەنشت دەکات لەو کـاروکردەوە خراپـانەی، کە لە ژیانـدا ئەنجامیـداون، هەوڵـی ئەوە دەدات خـۆی لە خراپییەکانی خۆی هۆشیار بکاتەوە، هۆشیارییەک کە جارێکی تر بەنـدە نەگەڕێنێـتەوە سـەر هەمـان تـاوان، (سـەرەتای ئەم مەقـامەش بە بەراوردکـاری دەسـتپێدەکات، بەراوردکـردن لە نێـوان بەخشـش و

نیعمەتەکـانی خـوای گەورە لەگەڵ سـەرپێچی و تاوانەکـانی خـۆت، بەمە جیـاوازیی شـتەکانت بـۆ دەردەکەوێـت و خـۆت دەناسـی و دەبێـتە هـۆی هۆشـیارکردنەوەی بەنـدە، بەرەو وازهێنـانی دەبـات لە گونـاە و تـاوان و گەڕانەوە بۆ لای خوا) (ئیبن قەیمی جەوزی، ل١٩٠). ئەم مەقامەش لەوەوە سەرچاوەی دەگرێت، کە خـوای گەورە حسیبە، بۆیە سـالیک پێش ئەوەی بگاتە دادگای خوا، دەبێت خۆی دادگایی بکات، ئەم دادگاییەش یارمەتیی سـالیک دەدات و لە دادگـای خـوا ڕزگـاری دەکـات، هەروەهـا دەبێـتە هـۆی پەروەردەکردنـی نەفسـی لـۆمەکەر و لە نـاو بردنـی نەفسـی دونیـایی. واتە مەقـامی موحاسـەبە بـریتییە لە لـۆمەکردن و سەرزەنشـتکردنی نەفـس و پێـــداچوونەوە بە کـــار و کـــردار و گوفتارەکـــانی ژیـــانی ڕۆژانە و لێکجیـــاکردنەوەی کـــاری بـــاش و خـــراپ دەستنیشـــانکردنی هەڵە و سەرپێچییەکان و خۆئازاردان و دەربڕینی پەشیمانی لەوەی ئەنجامیداوە، لە هەڵە و تاوانەکان سەرزەنشی نەفس دەکات، بەوەی کە "النفس الامـارة بالسـوء"ە و زاڵ بووە بەسـەریدا، بەم مەقـامە سـالیک ئەم نەفسـە خـراپەیە لەناو دەبات و نەفسی لۆمەکەر و دڵنیایی "النفس اللوامة و النفس المطمئنة" لەبەری دادەنێت.

ئەم مەقام و دادگاییە خودییە لە شیعرەکانی مەلای جەزیریدا تێبینی دەکەین، کە تێیدا ڕوودەکاتە خودە سالیکەکەی و گلەیی ئەوەی لێ دەکـات، کە نەیتوانیوە لەژێر کونترۆلی نەفسـی خراپەکار دەربچێت و تـا ئێسـتاش حەز و ئـارەزووی دونیـایی لە دڵیـدا پەنـگ دەخـواتەوە، ئیتر بەم نەفەسـە هەرگیز ناتوانێت لە ڕێگەی سالیکاندا درێژە بە ڕۆیشتن بدات، بۆیە مەلای جەزیـری دڵـی خـۆی دادگـایی دەکـات، کە دڵـی وەک بـنکە و مەڵبەنـدی نەفسەکانی داناوە، کە تێیدا هـەر "النفس الامـارة بالسـوء" زاڵە و نەیتوانیوە پڕبێت لە عەشقی ئیلاهی. بەمەش نووری یەقین هەرگیز بەم دڵە ناگـات کە لە ئەوینی کەم بێت. هەر وەکو دەڵێت:

دێ ل قەلبێ مە چ دەت لامیعە یا ئیسلامی

کو ل جانێ مە خەف بەستییە زوننارێ حودووس

ڕەنگ و ژەنگێ حەدەسێ نەقشێ حودووسێ مە د دل

بدە بەر رەندەشێ عیشقێ ئەوە قەسسارێ حودووس

مەلای جەزیری دیوان، ل١٩٣

لێرەدا مەلای جەزیری خۆی موحاسەبە دەکات و دڵی خۆی سەرزەنشت دەکات و بەوەی دیوی دەرەوە و دیوی ناوەوەی وەک یەکنین، دەڵێت ئێمە کە بە ڕواڵەت موسڵمانین و لە ژێرەوەش زوننماری گاورانمان بەستووە، ئیتر بەم حاڵەوە چۆن بە نووری ئەم ئاینە ڕووناک دەبینەوە، مەبەستی مەلای جەزیری ئەوەیە، کە ڕاستە لە ڕوخساری دەرەوەدا باوەڕمان هێناوە، بەڵام زوننماری هەوا و هەوەسی دونیا لە پشتمان ئاڵاوە ئێمە دەستبەرداری چێژی ئەم دونیایە نەبووین، بۆیە نوور ناگاتە کەسێک کە نەفسی "فرمان بەخراپەی" زاڵبووە بەسەریدا، مەلای جەزیری خۆی موحاسەبە دەکات و دەڵێت دڵ بەهۆی گرنگیدانی بە ڕووداوەکانی دونیا تاریکبووە و ژەنگی هەڵهێناوە، بۆ چارەسەری ئەوە پێویستە دڵت بە عەشق بسپێریت، چونکە دڵ لەناو عەشق و ڕێگەی عەشقدا پاک و خاوێن دەبێتەوە. بۆیە موحاسەبەی دڵی دەکات تا نقوومی خۆشەویستی بێت چونکە بێ خۆشەویستیی خوا هیچ ناکرێت. هەر وەکو دەڵێت:

جەزبە و سەیرا سلووکی بێ مەحەببەت نابتن

جەهدەیا بێ عیشق و حوب چەندی کوکربێ فایدەبوو

مەلایێ جزیری، دیوانا، ل٢٩٦

لێرەدا مەلای جەزیری سالیکییەتی خۆی سەرزەنشت دەکات بەوەی واز لە دونیا بێنێت و لە خۆشەویستیی خوادا بتوێتەوە، دیارە هێشتا مەلای جەزیری پێیوایە عەشقەکەی لە سەرەتادایە و پەیوەندی بە جیهانی مادەوە نەبڕاوە و خۆی دەپرسێ چۆن دەبێت نووری ئیسلام و ڕێنوێنیی محەمەدی بگاتە دڵی ئێمە، کە هێشتا خۆشەویستیی دونیای تێدایە و خڵت و خاری دونیا و ڕیابازیمان لە دڵی خۆما حەشارداوە. (شوان، ٢٠١٢، ل١٨٩). لای مەلای جەزیری عەشق ئەو ڕێگە پیرۆزەیە، کە سالیک بە ئامانجە سۆفیگەرییەکەی خۆی دەگەیەنێت، بۆیە خودە سالیکییەکەی خۆی لەسەر عاشق نەبوون و کەمی خۆشەویستی موحاسەبە دەکات، چونکە پێیوایە بێ عەشق سالیک لە ڕۆیشتن دەکەوێت. هەر وەکو دەڵێت:

دا "مەلا" هۆشیار بی لێ پور کەسان

سینە پور لێدانە سەنگ و بەر عەبەس

مەلای جەزیری، دیوان: ١٧٧

مەلای جەزیری لێرەدا خودی سالیکەکەی خۆی هۆشیار دەکاتەوە، کە هەرگیز بەبێ یار بە ڕێگەی عەشقدا نەڕوات، چونکە بێ عەشقی یار هێز و وزەی ڕۆیشتنی نابێت و ناتوانێ تا کۆتایی ڕێگەکە ببڕێت هەرچەندە کۆشش بکات ئەوا دواجار هەر خۆی زەرەرمەند دەبێت، بۆیە بانگی خۆدی خۆی دەکات واتە خودە سالیکەکەی پێی دەڵێت هۆشیار بە زۆر کەس لەو ڕێگەیەدا هەوڵ و کۆششیان کرد و خۆیان ئازاردا بەڵام کۆششەکەیان بە فیڕۆچوو، بۆیە ئاگاداربە سالیک دەبێت تەنیا چاوی لەوە بێت خوا بیخاتە ژێر بەزەیی و ڕەحمەتی خۆی.

**پێنجەم: مەقامی بە تاک و تەنیا زانینی خوا "توحید"**

مەقامی تەوحید، بریتییە لە ناسینی خوا لە چوارچێوەی ناو و سیفەتی تاک و تەنهای خوا، یاخود ناسینی خودایە لە ڕوانگەی تێگەیشتنی سالیک لە دەستەواژەی "لا الە الا اللە"وە، کە ئەمەش دەستەواژەیەکە تێگەیشتن لێی سالیک بە مەقامی تەوحید دەگەیەنێت و هەزاران واتا و لێکدانەوەی جۆراوجۆری هەیە، دەبێت سالیک بە بەشێکی زۆری ئەم واتا و لێکدانەوانە بگات، باوەڕی یەقینی خۆی لەسەر دامەزرێنێت، بەهۆیەوە شیرک و کوفر و گومان و پیسی و خراپەکانی تر لەناو دڵیدا ڕادەماڵێت. تەوحید لە ڕوانگەی ئیسلامەوە بریتییە لە خواناسین، واتە ئەو کەسەی شیاوی پەرستشە و دەبێت کڕنۆشی بۆ ببردرێت و بەدیهێنەری گیاندار و بێگیانەکانە، کەواتە مەقامی تەوحید داننانە بە خالیقیەتی خوای گەورە، کە بە تاک و تەنیا بەدیهێنەر و هەڵسوڕێنەری ئەم گەردوونەیە، خاوەنی هەموو جیهانەکانە و هاوبەشی نییە و هیچ شتێک لە وێنەی ئەو نییە و نابێت و بێ وێنە و بێ نموونەیە. (نەقشەبەندی، ل ٢٧٦-٢٧٨)

لەم مەقامەدا سالیک تەواو تەسلیمی یەکتایی خودا و بنەماکانی یەکتاپەرستی و بە تاکزانینی خودای گەورە دەبێت لە هەموو ڕوویێکەوە، دڵی سالیک لەو مەقامەدا نقوومی وشەی ئەحەد دەبێت و بۆ هەموو شتێک بۆ ئەو زاتە دەگەڕێتەوە، واتە لەم مەقامەدا (نابێ لە دڵی ڕێبواردا جگە لە خوا هیچی دی هەبێت، ڕوکنەکانی یەکێتی حەفتن: جودا کردنەوەی قیدەم لە تازە پەیدابوو، پاککردنەوەی قیدەم لە زانینی پەیدابووەکەی، وازهێنان لە یەکسانی نێوان سیفەتەکان، لابردنی هۆکار لە خوایەتی، بە گەورە زانینی حەق لەوەی کە پەیدابووە توانای گۆڕینی بەسەردا هەبێ، بێگەردکردنی تەمیز و ڕامان، پاکە بۆ کردنی لە پێوان) (شوان، ٢٠١٠، ل٨٥). مەقامی بەتاکزانینی خوا لە دڵی مەلای جەزیریدا بوونێکی گەورەی

هەیە، لە لێکدانەوەی چەمکی "ئەحدیەت و وەحدانیەتی خودا"دا مەلای جەزیری چەندین بەڵگە و تەفسیری فەلسەفی و عیرفانی پێشکەش دەکات، کە ئەمەش لە شیعرەکاندا بە ئاشکرا خراوەتەڕوو، بیرکردنەوەی بەتاکزانینی خوا لە دڵی ئەو سالیکییەی، کە مەلای جەزیری لە شیعرەکاندا وێنایکردووە، گەیشتووەتە مەقامی تەوحیدەوە، هەروەک لەم پارچە شیعرەدا دەبینین، کە مەلای جەزیری دەڵێت:

سیرڕی وەحدەت ژ ئەزەل گرتییە حەتتا ب ئەبەد

واحید و فەردە ب زاتێ خوە وی نینن چو عەدەد

تا دەگاتە دوا دێڕ

گفت و گۆی مەعریفەتێ چەندی مەلا پەیدا کی

گەوهەرا مەعریفەتێ ناگیهێتێ کەس ب خیرەد

مەلای جەزیری، دیوان، ل ٢٥١-٢٥٦

لەم پارچە شیعرەدا مەلای جەزیری وەحدانیەتی خودا دەخاتەڕوو لە هەموو ڕوویەکەوە ئەوەمان نیشاندەدات، کە خوا تاک و تەنیایە و بێهاوەڵە، خاوەنی ناوە بەرزەکان و سیفەتە باڵاکانە، کە تاک و تەنیاییە، تاک لە بەڕێوەبردندا، لە هەڵسوڕاندنی کاروباری بەندەکان و هەموو جیهانەکان، لە زانینی نیهێنییەکان، لە بەخشش و میهرەبانی و لە بەخشینی ڕزق و ڕۆزیدا، لە وەڵامدانەوەی داواکارییەکان و بەهاناوە چوونی بەندەکان و لە بوونی زانیاری و لە هێز و تواناکانی لە هەموو شتێکدا تاکە و هاوەڵی نییە، هەر هەبووە و هەر دەشمێنێت. لای خوا کات نییە تاکایەتی خوا لە دەرەوەی زەمەندایە لە ڕابردوو لە ئێستا و داهاتوودایە هەر

هەبووە. ئیتر خودا لە هەموو شتێکدا هەر تاک و تەنیایە ئەمانە دوو سیفەتی خودان لە هیچ بوونەوەرێکی تر بەدی ناکرێن چونکە هەرچی هەیە مەخلووقی ئەو ئەحەدەیە. بۆیە هێز و توانا و زانیاریی خوا بێسنوورە و لە توانای مرۆڤدا نییە لە گەورەیی و تاکایەتی ئەم خودایە تێبگات، بۆیە هەرچەندە هەڵیسەنگێنی و لێکیبدەیتەوە و بەدوای زانیارییەوە بیت بۆ زانینی نهێنییەکانی تاکایەتی ئەم خودایە، سەرنجام هیچت دەست ناکەوێت، چونکە عەقڵ و زانیاریی مرۆڤ خۆی بەخششێکە خوا بە مرۆڤی بەخشیوە، کە ڕێژەیەکی زۆر کەمە بۆیە عەقڵ ناتوانێ کەشفی ئەم نهێنییەی وەحدەتی خوای گەورە و دەستەواژەی "لا الە الا اللە" بکات. هەر وەکو دەڵێت:

تو ژ نوسخەیێ تەوحیدێ مەخوون ئایەتێ نەفیێ

بێ ئالەتێ ئیسباتێ کو ئیللایم ئەز

مەلای جەزیری دیوان، ل ٢٩١

ئەو کەسەی باسی تەوحید و تاکایەتیی خوا دەکات و دەڵێت: "لا الە الا اللە"، دەبێ ئەوە بزانیت، ئەوە مانایەکی زۆر قووڵ و فراوانی هەیە، هەرچەندە لێکیبدەیتەوە تەفسیری ئەم دەستەواژەیە تەواو نابێت، ئەوە مانای ئەوەیە جگە لە خوا هیچ شتێکی تر شایستەی پەرستن نییە، جگە لەخوا کەس خالق نییە کەس ڕەزاق نییە، تەنیا خوا ژیان و مردنی بەدەستە، تەنیا خوا نهێنییەکان دەزانێت، هەر ئەو خاوەنی هێز و توانای بێبڕانەوەیە ئیتر "اسما والحسنی" هەر هی خوایە و لە هەموو کەس بە دوورە. دەبێت هەمیشە هەموو ئەم لێکدانەوانە بۆ "لا الە الا اللە"، لە هەمان ساتدا لە دڵی سالیک ئامادەیی هەبێت و بۆ یەک چرکەش یەک لێکدانەوە ون نەبێت، ئیتر سالیک دەبێت بزانێت، کە خالقی موتڵەق خودایە و

بەدیهێنەری هەموو بوونێکی ماددی و مەعنەوییە لە نەبوونەوە یان لە خاڵێکی بچووکدا. هەر وەکو دەڵێت:

حەرفێ ژ یەک بوونە فەسڵ گەر ببری وان ب ئەسڵ

حەرف دبت یەک خەتەک خەت کو نەما نوقتە ما

وەحدەتێ موتڵەق "مەلا" نوورە د قەلبان جەلا

زۆرێ د ڤێ مەسئەلێ ئەهلێ دلان شوبهەما

مەلای جەزیری دیوان، ل٣١- ٣٢

لێرەدا مەلای جەزیری باسی وەحدەت و تاوک و تەنیایی هێز و دەستەڵاتی خوای گەورە دەکات، بەوەی ئەم گەردوون و بوونەی لە یەک خاڵەوە خولقاندووە، ئەمە بۆچوونێکی فەلسەفی و عیرفانییە لەسەر وەحدانیەتی خوای گەورە، کە لە خاڵێکی ئەزەلییەوە هێڵ کێشراوە و لەو هێڵەش پیت بەرهەمهاتووە دواتر بۆ بوونەکانی تر، ئەمەش بۆ خالق و وەحدەتی موتڵەق دەگەڕێتەوە، کە خوای گەورەیە، ئیتر مەلای جەزیری بەو خودە سالیکەی خۆی دەڵێت پێویستە باوەڕ بەو وەحدەتە موتڵەقەی خوا بکەیت، چونکە ئەم ئیمانە دەبێتە نوور و دڵ و دەروونت ڕووناک دەکاتەوە ژەنگی گومان و پیسی و خراپەکاری پاکدەکاتەوە، ئەمەش هەروا کارێکی سانا نییە مەقامێکە زۆر لە بەندەکانی خوا نەیانتوانیوە پێیبگەن و لە گومان خۆیان ڕزگار بکەن.

**شەشەم: مەقامی پاککردنەوە و بە تاک هێشتنەوە "تجرید و تفرید"**

ئەم دوو مەقامە وەک دووانەیەکی بەدواییەکداهاتوون لە ڕێگەی سالیکدا تەواوکەری یەکترین، چونکە لە مەقامی تەجریددا سالیک دڵی

خۆی لە هەموو شتێک خاڵی دەکاتەوە و بە تەواوی دونیا لە دەروونی دادەماڵێت، ئەم کارەی سالیکیش لەپێناو جێگە کردنەوەی نووری خوا دەکرێت، ئەگەر دڵ لە خراپە و ئارەزوو خاڵیکرایەوە لە قۆناغی تەجریدا، ئەوا نوور و خۆشەویستیی خوا زیاتر لە دڵدا دەدرەوشێتەوە، ئەمەش دەبێتە مەقامی تەفرید.

دڵی بەندە هەم نوور و خۆشەویستیی خوای تێدایە هەم دونیا و ئارەزووەکان و هەم نەفسی خراپ، ئیتر لە مەقامی تەجریددا سالیک هەڵدەستێت بە خاوێنکردنەوە و داماڵینی دڵ و دەروون لە حەز و ئارەزووەکان و شتە دونیاییەکان، کە وەک دووکەڵێک لە ناو دڵدا بڵاوبووەتەوە و وەک پەردەیەکیش دڵیان داپۆشیوە و نووری خۆیان لە دڵی سالیکدا کز کردووە، بەم داماڵینە نووری خوا دڵی سالیک ڕووناک دەکاتەوە خوا دەبێتە تاکە شت لە دڵی سالیکدا بوونی هەبێت. هەروەک چۆن ئاژەڵێک کەوڵ دەکرێت و پێستەکەی لەبەر دادەماڵن و هەناوەکەشی خاوێن دەکەنەوە، دەبێت سالیکیش بەم شێوە دڵی خۆی وەک ئاژەڵێک دابنێت و پێستە دونیا لە دڵی خۆی دابماڵێت و ناو دڵیشی لە تەمومژی گومان و کوفر و شرک پاکبکاتەوە و تەنیا و تەنیا خودا لە پرۆسەی ئەو خاوێنکردنەوە و داماڵینە بهێڵێتەوە.

لە مەقامی تەجریدا بەندە خۆی دائەماڵێ لە پەرستنی هەموو شتێ جگە لە خوا، دواتر لە تەفریددا هەڵدەستێ بە دامەزراندنی پەرستشی خوا، واتە تەفرید قۆناغێکە سالیک پاش تەجرید پێی دەگات ئەگەر ڕێبواری ئەو ڕێگەیە جیهان و هەرچی لەم جیهانەدا جگە لە خوا لە دڵ و دەروونی خۆی لابرد و تورڕیدا، ئەوا ئەوکاتە تەنیا خودای بە تاک و تەنیا داناوە "افراد الواحد"، لەم مەقامەدا دەبێت سالیک هەوڵ بۆ دونیا نەدا و نابێ هەوڵبدات ببێتە خاوەن ماڵ و مەقامی دینی یان دونیایی، هیچ داخوازی و

داواکـارییەک لە کەس نەکـات، داخـوازی و خـاوەن بـوون لە دڵـی خـۆی دابماڵێت ئەوە هەتا بە هی خوای بزانی و لەو ڕێگەیەشـدا خەرجی بکەیت، کە خـوا پێی خۆشـە، جـارێکی تـر لە دڵدا جێگیـری نەکەیتەوە دڵ جێگەی خۆشەویسـتنی دونیـا و قیـامەت نیـیە، بەڵکـو ئەبێت لە هەمـوو خواسـت و داخـوازییەک دای مـاڵی، جگە لە خۆشەویسـتیی خـوا و ڕەزامەنـدیی خـوا هیچی تری تێدا نەهێڵێدرێت. (نەقشەبەندی، ل٢٨٣-٢٨٦)

ئەم مەقامە، کە بریتییە لە داماڵینی دڵ لە هەموو شتێک جگە لە خوا و بەتـاکزانینی خـوا لە نـاو دڵدا بە ڕەهـایی لە لای مەلای جزیـری بـوونی هەیە و لە خـودە سـالیکەکەی نـاو دەقە شـیعرییەکانیدا ڕەنگیـداوەتەوە، بەوەی بـوونی شـتەکان و جـوانییە مادديیەکـان لە دڵـی مەلای جەزیـری ئەرکیـان گەشەسـەندنی نـووری خـوایە و بـرەو بە خۆشەویسـتیی خـوا دەدەن، چـونکە مەلای جەزیـری لە ڕووحیەتـی دونیـای مەجـازی هێـز و خالیقیەتی خوا دەبینێت. هەر وەکو دەڵێت:

حوسن و جەمالێ جانان نادێرتن تو پایان

هەرچی نەبت بیدایەت ئەسلا نەهن نیهایەت

فەیزا عولوومێ حیکمەت جاما سەدەف کو گێرا

مە ژ دەستێ موغبەچان دیت ب مەسحەف و ب ئایەت

مەلای جەزیری دیوان، ل ١٦٤- ١٦٥

لەم شـیعرەدا مەلای جەزیـری زۆر بە قـووڵی ئەو مەقامەمـان بـۆ دەردەخات، کە لە عەشقی مەجازی و جوانیی مادییەوە دەست پێ دەکات، ئەم مەجـازی و جـوانییەش تەنیـا وەک هۆکارێـک بـۆ گەیشـتن بە عەشـقی

حەقیقی بەکاردەهێنێت دواتر جوانیی شتەکان و خۆشەویستیی دونیایی بێمانا دەکات و لە دڵی خۆیدا دادەماڵێت، دەگەڕێتەوە سەر خۆشەویستیی خوای گەورە، مەلای جەزیری پێیوایە کە عەشقی کچێکی جوان بۆ ئەو ڕووحە دەگەڕێتەوە کە خوا خەلقی کردووە، خوا لە جوانیی ئەودا بەدی دەکەین، بۆیە دەڵێت لە هەموو شتێکی جواندا خودا و خالقیەتی خودا و نووری خودا بەدی دەکەین، تەنانە لە مەیخانە و لە هەڵڕێشتنی شەرابیش هەر نوور و حیکمەتی خوا بەدی دەکەین، لێرەدا مەلای جەزیری دەیەوێت جیهانی مادی و شتە جوانەکان و عەشقی مەجازی بکاتە هۆکارێت بۆ هەستکردن و دیتنی نوور و گەورەیی خوا، بۆیە هەرچی لەم شتانە هەیە لە زەین و دڵی سالیکانەی خۆی دادەماڵێت و خۆ لەو شتانە بێ بەری دەکات. تەنیا خوا بە هەموو ناو و سیفەتەکانی لە دڵی خۆیدا دەهێڵێتەوە. هەر وەکو لە شیعری "حوسنا موقەددەسدا" دەڵێت:

حەیف د قەیدا خاک و گل بت عارفێ چالاکێ رووح

دڵ موجەررەد بت کو پەرتەو دەت ژنوورا پاکێ رووح

تادەگاتە دوا دێڕ

شەهسەوار ئیرۆ کەمەند ئاڤیهتنە قەلبێ "مەلێ"

بەنـــد ناکـــت غەیـــری فیتراکـــا تە ســـەد فیتراکـــێ رووح

جەزیری، دیوان، ل٢١٨- ٢٢٦

لەم پارچە شیعرەدا مەلای جەزیری باس لەوە دەکات، کە دڵی سالیک پێویستە لە پیسی و گومان و حەز و ئارەزووی دونیایی و نەفسی خراپەکار دابماڵدرێت، چونکە نەفس و حەز و ئارەزووە دونیاییەکان دەبنە کۆت و بەند لە قاچی سالیک دەهاڵێن و ڕێگەی ڕۆیشتنی پێ دەگرن

و وەک قەتماغێک بەسەر دڵ و دەروونی دەنیشێت و ڕێگری دەکەن لە گەیشتنی نووری خودا، چونکە مۆم ئەگەر خۆی پیس بوو ئەوا داناگیرسێت و بەمەش ڕووناکیمان دەست ناکەوێت، بۆیە دڵی سالیکیش پێویستە لە خڵت و خاشاکی دونیا بە تەواوی پاک بکریتەوە و نەفسی خراپ لە دەروونی سالیک دابماڵدرێت بۆ ئەوەی نووری حەق لەو دڵە پەیدا ببێت و ببێتە چاوی حەق و سالیک بگەینێتە "عین الیقین". دەرکردنی خۆشی و شادی و حەزی دونیاپەرستی و ئارەزووەکان لە دڵدا ڕێگە بۆ تاکبوون و تاکایەتیی خوا خۆش دەکەن نووری ئەم بەتاکزانینەش ژیانی سالیک ڕووناک دەکاتەوە، مەقام و پلەیەکی بەزی پێدەبەخشێت. مەلای جەزیری باس لە خودی سالیکیی خۆی دەکات، کە دوای پاککردنەوەی دڵ لەو خەڵت و پیسی و بەتاکزانینی خوا زۆر کەسی جوان هاتن هەوڵیاندا و حەز و ئارەزووەکانی دونیای هاتنەوە پێش، بەڵام نەیان توانی جارێکی تر کۆت و بەندی نەفس بخەنە دڵمەوە.

**حەوتەم: مەقامی فەنا و بەقا**

ئەم مەقامە لە سۆفیگەریدا شێوەی هاوجووتی هەیە، دوانەیەکی پێچەوانەی یەکترن، دابەزینی یەکێکیان ئەوەی تریان بەرز دەکاتەوە، کاریگەری پێچەوانەیان بەسەر یەکترەوە هەیە، مەقامی فەنا بریتییە لە لەناوبردن و توانەوە، مەقامی بەقاش بریتییە لە زیندوو هێشتنەوە.

مەقامی فەنا بریتییە لە لەناوبردنی سیفەت و حەز و ئارەزووە دونیاییەکان و بەرژەوەندییە خودییەکان، لە بەرانبەردا بەقا خۆی لە بەرزڕاگرتن و هێشتنەوەی خۆشەویستیی خوا و سیفەت و فرمانەکان و پێناسە پەسەندەکان دەبینێتەوە، بەمەش ئیمان لە دڵدا هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە، واتە (فەنا بریتییە لە لەناوبردن و فەناکردنی سیفەتەکانی مرۆڤ و تایبەتمەندییەکانی لە بەرانبەر ئەو لەناوبردنەوە نووری خوا و

سیفەت و پێناسەی خوا جێگیر دەکات، هەر سیفەت و پێناسەیەکی خوایی سیفەت و پێناسەیەکی دونیایی لەناودەبات، بەو مانایەی کاتێک سالیک سیفەتێکی خودی و ویستێکی مرۆییانه لەناودەبات، ڕاستەوخۆ سیفەتێکی خوایی جێگەی دەگرێتەوە، تا سالیک وای لێ دێت حەق دەبێتە هێزی بیستن و بینین و تەنانەت وجودیشی) (الحفنی، ١٩٨٠، ل٢٠٧ ). بێگومان ئەم مەقامەش پلەی جیاجیای هەیە، هەر لە لەناوبردنی سیفەتێکەوە دەستپێدەکات تا دوا پلە، کە تێیدا سالیک نەک هەر سیفەتە مرۆییەکانی بەڵکو دەگاتە ڕادەیەک تەنانەت خودیەتی خۆشی لەناودەبات. ئەمە ئەوپەڕی فەنا بوونە، کە لە بەرانبەردا تەنیا و تەنیا خوا بەقایە لە دڵیدا، ئەمەش لە ئەنجامی قووڵبوونەوە لە عەشقی ئیلاهی و ڕووچوون لە خۆشەویستیدا ڕوودەدات، ئەمەش پرۆسەیەکی تەدریجییە و قۆناغ بە قۆناغ ڕوودەدات، لە شێوەی توانەوە دەبێت واتە توانەوەی خود لە خودێکی تردا کە خوایە، لێرەدا هەستکردن بەخود وەک سالیک و عاشقێک کۆتایی پێدێت و لەگەڵ خودی بەقادا تێکەڵ دەبێت و ئەم تێکەڵەیەش تەواوی دڵ و دەروون و هەستی دەگرێتەوە، لێرەدا ئەم مەقامە واتای ئەوەیە، کە سالیک (جگە لە خوا هیچ نەبینێ و هیچ نەزانێ و هەموو شتێکی لەبیرکردبێت، ئەو کاتە خۆی وا نیشاندەدات، کە ئەو خوایە، چونکە جگە لەو کەس نابینێ و کەس ناناسێت، لەو باوەڕەدا دەبێت، کە بووە بەو شتەی کە خۆشیدەوێت و دەڵێت جگە لە خوا کەس لە بوونمدا نەماوە، ئیتر ئەو بوونە بووە بە حەق) (شوان، ل٢٥٩). ئەم مەقامە هەموو لایەنێکی ژیانی سالیک دەگرێتەوە، کاتێک سالیک نەفسی پیس و خراپەکار "امارە بالسوء" فەنا دەکات ئەوا ڕاستەوخۆ نەفسی پاک و دڵنیا بەقا دەبێت و جێگەی دەگرێتەوە، کاتێک سیفەتی مرۆیی فەنا دەکات ئەوا سیفەتی خوایی بەقا دەبێت، کاتێک پێناسە ناپەسەندەکان لەناو دەبات ئەوا لە بەرانبەر هەر پێناسەیەک پێناسەیەکی پەسەند بەقا دەکات، دوا قۆناغ لە بەرانبەر

فەنــاکردنی خــودی خــۆی وەک مــرۆڤ و عاشــقێک ئەوا خــوا وەک خۆشەویستێک بە ڕەهایی لە بوونیدا بەقا دەبێت.

ئەو مەقامە، کە بریتییە لە فەناکردن و بەقاکردن لەو سالیکەدا بوونی هەیە، کە مەلای جەزیری لە دەقە شیعرییەکانیدا پێمان دەناسێنێت، مەلای جەزیری وێنەی مەلایەکی عاشقمان بۆ دەکێشێت، کە تا دوا پلەی عەشق و قووڵبوونەوە لە خۆشەویستی ڕۆیشتووە، بە جۆرێک مەلای جەزیری لە زاتی ئەو یارەدا تواوەتەوە، نەرجسیەت و سیفەتە خودییەکانی خۆی و شوناس و بوونی خۆی فەنا کردووە لە بەرانبەر بەقاکردنی خوادا، ئەم گوزارشتانەش بە ئاشکرا لە شیعرەکانیدا تێبینی دەکرێ لەو چەند دێڕە شیعردا، باسی لە توانەوە و ئاوێتەبوونی خۆی کردووە لەگەڵ یارەکەیدا، کە خوای گەورەیە. هەر وەکو دەڵێت:

گۆتە مە دورڕدانەیی ئەم ژ تە و تۆ ژ مەی

لەو ب حەقیقەت یەکین مەسئەلە بێ شوبهەما

دا مە ب دەستێ سورێ جاما ژ ڕەنگێ دورێ

جەزبە گهــــا جـــــان و دل پـــــر شەوشــــاندن هەمــــا

جەزیری، دیوان، ل٢٩ـ ٣٠

ژ "لاشئی" ژ مەعدوومی، مە ناسی سیرری قەییومی

"ســـجودی فـــی تـــراب المحـــو مـــن اعلـــی المقامـــات"

جەزیری، دیوان، ل٥٨٠

لەم دێڕانەدا مەلای جەزیری باسی مەقامی فەنامان بۆ دەکات، بە جۆرێک کە لەو عەشقەدا مەلای جەزیری بە ڕادەیەک تواوەتەوە، جیاوازی

و بەراوردکارییەک لە ئارادا نەماوە، جیاوازی لە نێوان خۆم و خۆت یان عاشق و مەعشووق نەماوە و عەشقی مەلای جەزیری گەیشتووەتە ئەو پلەیەی، کە "طالب و مطلوب" بوون بەیەک. بۆیە لەم شیعرەدا یار لە بارەگای خۆی ئەوەی لە مەلای جەزیری گەیاندووە، کە هەردووکیان بوون بە یەک و من و تۆ وەک دوو وجوودی جیاواز وجوودی نەما و پەردەی جیاوازی دڕاو تێکەڵ بەیەکتربووین، بەمەش هەرچی گومان هەیە بڕایەوە. لە ڕێگەی سالیکاندا تا وشەی من یان خۆم بمێنێت هەرگیز سالیک بە مەقامی فەنا ناگات، دەبێت سالیک، کە گەیشتە ئەم قۆناغە خودیەتی خۆی لەناوببات و لەناو خودیەتی یاردا بیتوێتەوە، و تێکەڵی نووری خۆشەویستیەکەی بکات، ئەم تێکەڵبوونەش لە مەقامی فەنای خود و بەقای یاردا ڕوودەدات. هەر وەکو مەلای جەزیری دەڵێت:

عالەم چییە ئیعراب و حرووف و کەلیمات

ئەو نوقتە د نەفسا خوەو و مەعنایم ئەز

تو ژ نوسخەیێ تەوحیدێ مەخوون ئایەتێ نەفیێ

بی ئالەتێ ئیسباتێ کو ئیللایم ئەز        جەزیری، دیوان، ل٢٩٠- ٢٩١

مەلای جەزیری لەم چەند دێڕە شیعرەیەدا باس لە تێکەڵبوون و توانەوەی خۆی دەکات لە خوا و خۆشەویستیی خوادا، بە جۆرێک تا ئەو ڕادەیە چووە، کە جیاوازییەکانی لێ ونبووە وەک ئەوەی کە لە کەسایەتییە گەورەکانی جیهانی تەسەوفی ئیسلامی تێبینی دەکرێت. هەر وەکو دەڵێ: هەموو جیهان و خاڵبەندی و هەموو وشە و پیتەکان، کە بوونە ناو بۆ ئافەریدانی خوا لە خاڵلکەوە دامەزراون، کە ئەویش بوونی خوایە، ئێستا من هەر خۆم بووم بەو خاڵە و مانای ئەو خاڵەش لەمندایە، لێرەدا مەلای جەزیری وەک زۆر لە سۆفییەکانی مێژوو وا تێکەڵ بە خوا بووە کە

جیاوازی لەنێوان خۆی وەک ئافەریدەیەک و خوای سازدەری نەدیوە. ( جەزیری، دیوان، ل٢٩٠ـ ٢٩١) هەروەها ئاماژە بەوە دەکات، کە سەد ڕووباری وەکو نیل و فورات لە دەریای نوور و زانستی خوا بەناو دڵمدا دێن و دەچن، بەڵام من چونکە خۆم بووم بەو دەریایە بۆیە هەستی پێ ناکەم، ئەی ئەو کەسەی دەڵێت: "لا اله الا الله"، ئەوە مانای ئەوەیە، کە هیچ شتێک نییە بۆ پەرستن ڕەوا بێت جگە لە خوا، بێجگە لە خوا هیچی تر مەڵێ ئەو بێجگەیەش خۆم دەگرێتەوە، ئەمەش مەقامی فەنایە، کە بەشێک لە سۆفیگەرەکانی وەک "بایەزیدی بوستانی، ئیبن عەرەبی، مەنسور حەلاج" بە جۆرێک تێکەڵ بە خوا دەبوون، دەیان وت خوا ئێمەیە و ئێمە خواین، ئێمە تێکەڵی یەکترین و هەرگیز جیاناکرێینەوە. (جەزیری، دیوان، ل٢٩٢) ئەمەش مەقامی فەنایە، کە لێرەدا سالیک خۆی لێ ون دەبێت، بوونی خۆی بە هەموو سیفەت و وجوودە مادییەکانەوە لە عەشق و خۆشەویستیی خوادا دەتوێتەوە سالیکێک نامێنێتەوە ئەوەی دەمێنێتەوە تەنیا هەرخودایە و بەس. هەر وەکو دەڵێت:

تە دەزانم، تە دبینم کو توئی نووریٚ وجوود

"الله الله" ژ چ نوورە د سەرایا مە لەبالەب

( جەزیری، دیوان، ل٨٥ـ ٨٧).

مەلای جەزیری لێرەدا ئاماژە بەم تێکەڵبوون و توانەوەیە دەکات لەگەڵ نووری خوادا، بە جۆرێک دەڵێت ئێمە لە هەموو ڕوویەکەوە لەگەڵ وەحدەتی خوادا تێکەڵ بەیەکتری بووین، تا بووین بە سەرچاوە، تازە ئێمە قۆناغی مس بوون و ڕێبەریمان بەجێهێشت و لەگەڵ عەشقی خوا تێکەڵ بەیەکتری بووین و تا بووین بە زێڕی خالس. هەروەها باس لەوە دەکات، کە تەنیا نووری خوا دەبینێ و تەنیا هەر ئەو دەناسێت بە جۆرێک خودی

خۆشـی لە بیرچـووەتەوە، سـەرتاپا ژیـان و دڵ و دەروونـی پڕبـووە لەو نوورە و خودی سالیکەکەی خۆشی لەم نوورەدا ونبووە.

## ئەنجامەکان

١. مەلای جەزیری لە شیعرەکانیدا وێنەی خودێکی سالیکمان بۆ دەکێشێت، کە بە عیرفان و سۆفیگەریی ڕۆژهەڵاتی پەروەردەکراوە و لەژێر کاریگەریی عارفە گەورەکانی جیهانی ئیسلامیدا کەسایەتی و بیرکردنەوەی ئەم سالیکە خودیەی وێناکردووە، سالیکیەتی مەلای جەزیری لەسەر بنەمای چەشتن بووە و بە شێوەیەکی کردەیی ڕێگەی حەقی گرتووەتەبەر، زانست و زانیارییەکەی وەک ڕێبەر و چاوساغێک ڕۆڵیان هەبووە لە ژیانی سالیکایەتیی مەلای جەزیریدا.

٢. لە دیدی مەلای جەزیریدا لە دڵی عاشق هیچ شتێک بۆ هیچ کەسێک و بۆ هیچ شتێک نامێنێتەوە تەنیا یار نەبێ، کە مەبەست خوایە. بۆیە دەبینین، مەلای جەزیری وەک سالیکێکی عاشق لە خۆشەویستیی خوادا ڕووچووە، لەو ڕێگەیە چەندین پلە و مەقام دەبڕێت.

٣. مەلای جەزیری سالیکی خوایە، بەوەی عەشقی مەلای جەزیری گوزارشتە لە عەشقێکی ئیلاهی، ڕێگەی ئەم عەشقەش لە وێستگەی دونیاوە دەستپێدەکات بەرو خوا دەڕوات، واتە مەلای جەزیری لە دونیا و ئەوینی مەجازییەوە دەستپێدەکات بەرەو حەقیقەتی موتڵەق دەڕوات، هەر لەناو جوانییەکانی دونیا و ئەوینی مەجازییەوە هەست بە بوونی نووری خوا دەکات، ئیتر ئەو نوورە کێشی دەکات و زیاتر بەرەو قووڵایی عەشقی ئیلاهی دەبات.

٤. بوونی مەقامە جیاجیاکانی سالیک لە شیعرەکانی مەلای جەزیردا، ڕووبەرێکی فراوانی داگیرکردووە، لەو خودیەتە سالیکەی مەلای جەزیریدا بەرجەستەکراوە، کە لە دەقە شیعرییەکاندا بوونی هەیە، کە ئەوینی مەجازی و جوانیی یار وەک پردێک بەکاردێنێت بۆ گەیشتن بە خوا.

چـونکه لەنـاو ئەوانەدا جـوزئی نـوور و جـوانی و توانـای خـوای گەورە تـواوەتەوە، ئەگەر مـرۆڤ لەوانەدا هەسـت بە نـوور و جـوانی خـوا نەکـات، ئەوا عەشـقی ئیلاهـی کێشـی ناکـات و ناگـاتە مەقـامی عبـودیەت و "عـین الیقـین". بۆیە لەسـەر ئەو بنەمـایە دونیـای مەجـازیی مەلای جەزیـری وەک سـالیکێک بە ڕێـگەی مەقامەکانـدا بردوویەتـی بـۆ لای خـوای گەورە، ئەو مەقامـانەی سـالیکیش لە نـاوەرۆکی شـیعرەکانی مەلای جەزیریـدا قـووڵایی هەیە.

**سەرچاوەکان**

**قورئانی پیرۆز**

**أ. به زمانی کوردی**


- ئیبن قیمی جەوزی (٢٠١٥) پوختەی مدارج السالکین به کوردی، وەرگێڕانی: عبدالکریم فتاح، چاپی یەکەم، لبنان: فێربکرین کلوری.

- بەرزنجی، عەبدولرەحمان بێلاف (٢٠١٩) چەند بابەتێکی زانستی تەسەووف، چاپی یەکەم، هەولێر: فێربوون بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

- بەرزنجی، عەبدولرەحمان بێلاف (٢٠١٩) شێخی سەنعان لە دەقەوە بۆ تەسەووف، چاپی یەکەم، هەولێر: فێربوون بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

- تەوەککولی، محەمەد رەئوف (٢٠١٥) مێژووی تەسەوف لە کوردستان، وەرگێڕانی: یوسف زاهیر هەورامی، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەلات.

- شوان، د. ابراهیم احمد (٢٠١٠) فەرهەنگی سۆفیانەی دیوانی مەلای جەزیری و مەحوی، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.

- شوان، د. ابراهیم احمد (٢٠١٢) ئەدەبی کۆنی کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

- چالی، شەعبان (٢٠٠٨) شێوازی شیعری جەزیری، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.

- مەحموود، د. سالار عزیز (٢٠١٤) هزری فەلسەفی لە شیعری مەلای جەزیریدا، چاپی یەکەم، هەولێر: خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکراوە.

- مەلای جەزیری (١٣٩٣) دیوانی مەلای جەزیری، شەرحی: هەژار، چاپ اول، تهران: نشر پانیژ.

- مەلایێ جزیری (٢٠٠٥) دیوانا مەلایێ جزیری، بەرهەڤکرن: تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، چاپ دووێ، هەولێر: چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ.

- مشەختی، کامەران ابراهیم (٢٠١١) سیمۆلۆژیای زمانی سۆفیگەری لە شیعرەکانی مەلایێ جزیریدا، چاپا ئێکێ، دهوک: چاپخانا خانی.

- میراودەلی، کەمال (١٩٧٩) فەلسەفەی جوانی و هونەر، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی زانکۆ.

- نەقشەبەندی، ئەمین شێخ علا الدین (١٩٨٥) تەصەووف چییە، چاپی یەکەم، بغداد: دار الحریە للطباعە.

- واری، جۆن ماک (٢٠٠٥) فەلسەفەی بوونگەرایی، وەرگێرانی: ئازاد بەرزنجی، سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج.

**ب. به زمانی عەرەبی**

- ابن عربي، ابى بكر محي الدين بن محمد (١٩٩٩) الفتوحات المكية، ضبطة و صححة: احمد شمس الدين، الجزء الرابع، الطبعة الاولى، لبنان: دار الكتب العلمية

- الترمذى، أبي عيسى محمد بن عيسى (١٩٩٦) سنن الترمذي "الجامع الكبير"، المحقق: بشار عواد معروف، الطبعة الاولى، بيروت: الناشر دار الغرب الإسلامي.

- الحفني، د. عبدالمنعم (١٩٨٠) معجم المصطلحات الصوفية، الطبعة الاول، بيروت: دار المسيرة.
- الحكيم، د. سعاد (١٩٨١) المعجم الصوفي الحكمة في حدود الكلمة، الطبعة الأولى، لبنان: دار ندوة للطباعة والنشر.
- الرضواني، د. محمود عبدالرزاق (٢٠١٢) المعجم الصوفي، الطبعة الأولى، القاهرة: دار العلوم.
- الزفنكي، احمد بن الملا محمد (١٩٥٨) من العقد الجوهري في شرح ديوان الجزيرى، الجزء الاول، الطبعة الأولى، سوريا: مطبعة الرفدين.
- الشرقاوي، د. حسن (١٩٨٧) معجم ألفاظ الصوفية، الطبعة الأولى، القاهرة: مؤسسة مختار للنشر و التوزيع.
- عبدالعزيز، د. سعيد (٢٠٠٦) المدخل الى الابداع، طبعة الاولى، ألاردن: دار الثقافة للنشر وللتوزيع.
- العسقلاني، امام احمد بن على بن حجر، فتح الباري بشرح صحيح البخاري، مج/العاشعر، ط/ الاولى، مطابع دار البيان حديثة، القاهرة، ٢٠٠٣.
- الغزالي، الإمام أبو حامد (١٩٦٧) المنقذ من الضلال والموصل إلى ذي العزة والجلال، الطبعة السابعة، بيروت: دار الاندلس.
- القشيرى، ابو القاسم عبدالكريم بن هوزان (؟) الرسالة القشيرية في علم التصوف، بغداد: دار التربية للطباعة والنشر.

**ملخص:**

هذا البحث بعنوان "انعكاس مقامات سالك في محتوى قصائد الجزيري"، إنها محاولة لإظهار جانب مرتبط بالتصوف. يظهر هذا المراتب في مقام السالك. في عالم الصوفية، يجب على الممارس الذي يسعى للعثور على الحقيقة، بلوغ بعض المراحل التي تسمى المقامات يجب أن تنعكس المقامات في شخصية الممارس.

يركز هذا البحث على طبيعة وممتلكات سالك في إطار التصوف بشكل عام والتصوف الإسلامي بشكل خاص. بعد أن قدم الجزيري باعتباره سالك، يحلل البحث القصائد التي تمتلك خصائص كونه سالك. يتم تقديم كمية ونوعية انعكاس المقامات في قصائد الجزيري.

**الكلمات المفتاحية:** الصوفية ، المقام ، السالك ، طريق الله ، تعبير الصوفية ، الحب الحقيقي.

**Abstract:**

This research is entitled “The Reflection Of Salik Maqaamat In The Content Of Maly Jaziri’s Poems”. It is an attempt to exhibit an aspect associated with Sufism. This respect is depicted in Salik’s Maqaamat. In the world of Sufism, the practitioner, who seeks to find the truth, must attain some stages which are called Maqaamat. The maqaamat should be reflected in the personality of the practitioner.

This research lays emphasis on the nature and property of Salik within the framework of Sufism in general and Islamic Mysticism. Having presented Jaziri as a Salik, the research analyzes the poems which possess the properties of being a Salik. The quantity and quality of the reflection of maqaamat in Jaziri’s poems are presented. After highlighting the conclusions of the research, references, Arabic and English abstracts are presented.

**Key words**: Sufism, Maqaam, Salik, God’s path, Sufism expression, Real love.